

# لێکدانەوەی مەسیحێتی بۆ مێژوو

هونەر ڕۆستەم فەتاح

چەمکی مێژوو لای مەسیحیەت :

تێڕوانینی مەسیحایەتی بۆ مێژوو, بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەو تێڕوانینە باوانەی لەنێو نەریتی یونانی و رۆمانیدا هەبوون جودابوون, لەناو ئەو نەریتە یونانی و رۆمانیەدا تاڕادەیەك ستاتیکی هەبوو دەربارەی مێژوو (ئەفلاتون و ئەرستۆ و سیسیرۆن) یش پێیان وابوو لەهەر دەمێکدا بێت دەوڵەتی نموونەیی دەشێت بێتەکایەوە. (١)

مەسیحێتی درێژبوونەوەی جولەکایەتیە, بەدیتنی جوولەکایەتی مێژوو بەر لە هەرشتێك بریتیە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی نێوان خوداو گەلی هەڵبژاردەی خودا, کە ئیسرائیلی یەکانن دەورانی مێژووی کرد, شەڕوئاشتی و بەدبەختی و خۆشبەختی بەو پەیوەندییە شیدەکرێتەوە, بەختی ئیسرائیلییەکان سواربێت, ئەوا لەئاست خودادا سەلاربوون, دەنالاساربوون ڕووداوی هەرەمەزن لەپێش هەمووشیانەوە پەیمانی نێوان خوداو گەلەکەی خۆی یەکبارن, واتە بەندن بەدەمێکی تایبەتەوە و دووبارە نابنەوە. (٢) لەدیتنی جوولەکایەتی و لەڕێی ئەویشەوە هی مەسیحیەتیش مێژوو دەبێتە فراژووتنی یەکڕەوت و یەکڕوو, پاش ئافراندن, گوناهکاری مرۆڤ دێت, واتە ئەو گوناهەی مرۆڤ کردی بەرامبەرئەو پەیمانانەی

دابوویی بەخودا, بەم گوناهکاریە مرۆڤ مافی مانەوەی لەبەهەشت دا لەدەستدا, کارو ڕەنج لەچارەی نوسرا.

بەلاّم خودا پەیمانی لەگەڵ گەلی خۆی دەبەستێت و لەبەرئەوەش مێژوویان چ بۆ جوولەکەبێت و چ بۆ مەسیحیان هەموو مێژوویەکی دیکە دەخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە و ئافراندنی تێدائاشکرا دەبێت, گوناهکاری بەردەوامی ئیسرائیلییەکان بەرامبەر ئەو سۆزانەی داویانە بەخودا دەبێتە هۆی ئەوەی لەکۆتایدا خودا لێیان پڕدەبێ و ئەوان و هەموو مرۆڤایەتیش لەگەڵ ئەواندا لەناو دەبات, تەنیا ئیمانداران رزگاریان دەبێت, کەواتە مێژوو بەناچاری لە ئافراندنەوە بەرەو نەمان دەچێت و پاشان ئافراندنێکی نوێ, بەهەشتێکی نوێ بۆ دینداران هەڵدێ. (٣)

مەسیحیەت نەیتوانی جوولەکایەتی بسڕێتەوە, بەلاّم لەناو گەلانی دیکەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا برەوی پتربوو, مەسیحایەتی لەدەمی بلاّوبوونەوەیدا خۆی دەگونجاند لەگەڵ بارودۆخی بەشە هەمەجۆرەکانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا, خەسڵەتی جوولەکایەتی تێکەڵ بەخەسڵەتی دیکەدەکرد, بۆیە دەبینین لەتێڕوانیندا بۆ مێژووش هەندێ گۆڕانکاری کرد.

نوسینەوەی مێژووی ئەوروپی سێ گرفتی ترسناکی بەسەردا هات, گرفتی یەکەم لەسەدەیی پێنجەمی پێش زایندا ڕوویدا لەو کاتەدا کەبیری مێژووی وەکو زانستێك دروست بووە , یان وەکو جۆرێك لەجۆرەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی دروست بوو,گرفتی دووەم ئەوەبوو لەسەدەکانی چوارەم و پێنجەمی دوایی زاییندا روویدا, کاتێك کە بیری مێژووی ملکەچی بۆ چوونێکی نوێ بوو لە ئەنجامی ئەو کودەتایەی کە بیری مەسیحیەت بەسەر بیری مێژوویدا ئەنجامیدا. (٤)

مەسیحیەت دووبیری سەرەکی لەنوسینەوەی مێژوویدا هێناوە تەکایەوە کەلەلای گریك و رۆمان نەبووە:

یەکەم: بیری گەشبینی بەرامبەر سروشتی مرۆڤایەتی.

دووەم: بیرێکە کە ناوەڕۆکی شتەکان دەگرێتەوە و باسی لە نەریتێکی هەتاهەتایی دەکات, لەدوایی گۆڕانی مێژووییەوە خۆی حەشارداوە.(٥)

سەبارەت بەبیری گەشبینی بەرامبەر سروشتی مرۆڤایەتی کە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی بوو لای مەسیحیەت, ئەو پێوانە رەوشتیانەی کە مەسیحیەت باسی دەکات و گرنتی رەچەڵەکی مرۆڤ دەکەن و مەسیحیەت پشتی پێیان بەستووە, ئەوەش ئەوەیە کە مرۆڤ کاری خراپە دەکات, بەڵام ئەم خراپەکردنە لەپلانێکی دارێژراوەوە نییە کە وابکات بێ دەسەڵاتبن و بیرتیژ نەبن, بەڵکو بێ سەرو بەرییەکە, ناتوانرێت لێی دەربازبێت و پاشماوەی سروشتی چالاکیەکانی مرۆڤ خۆیەتی. (٦)

سەبارەت بەبیرۆکەی ناوەڕۆکایەتی و جەوهەری شتەکان دەبینین مەسیحیەت بەرەنگاری بیرۆکەی سروشتی بوویەوە کە بیرۆکەیەکی گریکی ورۆمانی بوو, بوونی جەوهەری شتەکانی پێویستکرد کەبنچینەی مادەکەیە, ئەم بیرۆکەیەی مەسیحیەت دان بەهەمیشەی پەروەردگاردا دەنێت و پێیوایە تەنها ئەو نەمرو هەتا هەتاییە جگە لەویش هەموو شتێك لەمێژوودا دروستکراوە, بەڵکو مێژوو خۆی دروستکراوی خودایە, بەمەش بوونی رۆح یاخود گیانی مرۆڤ وەك شتێکی (ماوە) یان جاویدونەمر هەڵدەوەشێتەوە, لەبەرئەوەی لەرۆح و گیانی خودا دروستبووە, دەبێت لەناو بچێت و جەوهەرەکەی خودایە و تەنها ئەو لەناو ناچێت. (٧)

بەشێوەیەکی گشتی, جگە لەو دووگۆڕانکاریەیی باسمان کرد, هاتنی بیری مەسیحیەت کاریگەری لەسەر بیری مێژوو هەبووە لەسێ روانگەوە:

یەکەمیان: دەرکەوتنی ڕەوتێکی تازە روەو مێژوو کەپێیوایە چالاکی رووداوە مێژووییەکان لەچالاکی و مەبەستەکانی مرۆڤ نییە, بەڵکو ئەوە ویستی خودایە کە جۆریەتیی(کیفیە) و چەندێتی(کمیە)ی رووداوەکان دیاری دەکات, بەڵام خوداویستی وەهایە لەمیانەی کارو چالاکییەکانی مرۆڤدا ویستی خۆی گەلاڵە بکات, بەمانایەکی تر مرۆڤ رۆژانە لەکردەوەکانی خۆیدا بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت ئامانجی خودا جێبەجێ دەکات. (٨)

دواتر لەباسی (مرۆڤ و مێژوو) دا زیاتر لەسەر ئەم بیرە دەدوێین.

دووەم: ئەو بیرۆکەیەیی پێشتر باسمانکرد تەنها هەڵوێستەمان بۆ ئاسان ناکات لەسەر راستی چالاکی هێزە مێژوویەکان و بەس, بەڵکو ژیان و سروشتی هێزیشمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بریتییە لەو نەریتانەی کە ئامانجە خوداییەکان دایانهێناوە گرنگیەکی چاکی مێژووی خۆی هەیە, ئەم جۆرەی لاواندنەوە شۆڕشێکی قووڵی لەبیرکردنەوەی مێژوویدا هێنایەکایەوە, مانای ئەوەی دەبەخشی کە کرداری گۆڕانی مێژووی نابێت بەدیاردەیەك کە هەروابەسەر ڕووداوەکاندا تێپەڕێت, ئەوەی باسکرا کردارێکە ناوەڕۆکی ڕووداوەکان لەخۆ دەگرێت, بەڵام جگە لەناوەڕۆك, رووخساریش لەخۆدەگێت, بەمەش کرداری ڕووداوەکانی ناو مێژوو تەنها جێبەجێ کردنی بیری مەسیحیەتە لەبازنەی مێژوودا.(٩)

سێیەم: ئەم دووگۆڕانکاریەی کە لەبیری مێژوویدا هاتەکایەوە لەو بیرۆکەی مەسیحیەتەوە پەیدابوو کە دەقی لەسەر گوناهی یەکەم و گەورەیی خوداو بەدیهێنان نوسیوە, بەڵام لە ئەنجامی ئەم دوو گۆڕانکارییە و بیری سێیەم دروست بوو ئەویش بیری یەکسانی مرۆڤایەتی بوو.

مەسیحیەت دوای ئەوەی بەپێی سەردەمە مێژوویەکان گۆڕانکاری لەبیری جوولەکایەتی بۆ مێژوو کرد و جەختی لەسەر ئەوەکرد کە هەموو خەڵکی لەبەردەمی خودادا لەسەر تەرازوو یەکسانن, هیچ گەلێکیش نییە کە خودا هەڵیبژاردبێت بەسەر گەلانی تردا و گەورەتربێت لەهیچ نەتەوەیەکی تر.(١٠)

کەواتە لەو سێ گۆڕانکاریەی کە باسمانکرد ئەوە تێدەگەین کە مەسیحیەت نەبە مێژووی رۆمانی و نەبە مێژووی جوولەکایەتی قایل نییە, بەڵکو بانگەشەی مێژوویەکی جیهانی گشتی دەکات, ئەمەش لەژێر ئەو باوەڕەی کە خودا خۆی مرۆڤ و جیهانی بەدیهێنانەوە و مێژووی هەمووشیان هاوبەشە, بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە لای زۆرێك لەبیرمەند و زاناو مێژوونوسە مەسیحیەکان تێڕوانینێکی دژبەئەم بۆ چوونە دەبینین, مێژووی پیرۆز کە بریتی یە لە مێژووی جوولەکە و مەسیحی هەمیشە لەپلەی یەکەمدا بووە ئیتر هەرچی مێژووی گەلانی تر هەیە لەپلەی دووەمدان و بەمێژووی (پیس) ناوزەدی دەکەن.

بۆ نموونە (ڤیكۆ) لەپرۆژەیەكدا مێژووی پیرۆز ومێژووی دنیایی لەیەكدی جیاكردۆتەوە, یەكەمیان بەمێژووی (جوولەكە و مەسیحیەكان) و دووەمیان بەمێژووی (نەتەوەكان یاخود بت پەرستەكان) ناوهێناوە لەهەمان سەربەنەوە مرۆڤەكانی بۆ دوو جۆر پۆلێنكردووە, پیاوان لەقەبارەیەكی ئاساییدا كە لە جوولەكەكان و مەسیحیەكاندا خۆ دەنوێنن, كە تەكانیش كە لەنەتەوەكانی دیكەی جگەلە جوولەكەكان و مەسیحیەكان خۆیان دەنوێنن.[١١] دەبینین سەرجەم ئەوانەی كە رەخنەشیان لە مەسیحیەت گرتووە, دواجار نەیانتوانیوە خۆیان لەو بۆ چوونانە دەربازبكەن.

## تایبەتمەندییەكانی نوسینەوەی مێژووی مەسیحیەت

هەرمێژوویەك كە نوسرابێتەوە لەسەر بنچینەی مەسیحیەت دەبێت گشتی و ئەندازەیی پەیوەست بێت بەرووداني (وەحی) یەوە, پاشان دابەشببێت بۆ چەند ماوەیەك, ئەمەلای ئایینیەكانی تریش دەبینین, واتە ئەم جۆرەی مێژوو لەهەندێ رووی گشتی یەوە هەموو ئایینەكان یان زۆرێكیان تیایدا بەشدارن: تایبەتمەندی یەكەم ئەوەیە كە پێویستە مێژوویەكی گشتی یان جیهانی بێت بگەرێتەوە بۆ بنەرەتی مرۆڤ و ئەو چۆنیەتیە بخاتە روو كە رەگەزی مرۆڤایەتی لێ پەیدابووە, لەهەموو ناوچەیەكی زەویدا جێگیربووە, هەروەها پێویستە كە شرۆڤەی پەیدابوونی وولاتان و رووخانیان بكات.[١٢]

لێرەوەیە رەخنە لەمێژووی (گریك و رۆمان) دەگرن و دەڵێن مێژوویەكی جیهانی نییە و بەڵكو نەریتێكی تایبەتی هەیە كە تایبەتە بەبنكەكەیەوە واتە (گریك و رۆمان).

دووەم: مێژووە رووداوەكان ناداتە پاڵ دانایی مرۆڤ, بەڵام بۆ كردەوەیەكی دیاریكراو كە لەزانستەكەیدا ئەم رووداوانە نەخشەی بۆ كێشراوە, مانای ئەمە ئەوەیە كە مێژوو شانۆگەریەكە خودا نوسیویەتی و مرۆڤ رۆڵی تیادا دەبینێت.[١٣]

سێیەم: ئەم مێژووە گرنگی دەدات بەوەی جێبەجێكردنی چەمكێك ئاشكرا بكات كە لەرێرەوێكی گشتی یەوە دەدرەوشێتەوە, واتە بە شێوەیەكی تایبەتی گرنگیەكی زۆر دەدات بەژیانی مێژووی (مەسیح) و دەیكاتە خولگە و چەقی رووداوەكانی, هەموو چیرۆكەكە یان

مێژووەکە لە دەوروبەری ژیانی (مەسیح) دەردەکەوێت, بەشێوەیەك هاتنی (مەسیح) مێژوو دەکات بەدووبەشەوە بەشی پێش مەسیح و بەشی دوای مەسیح.[١٤]

چوارەم: لەبەرئەوەی رابردوو دابەشدەکرێت بەسەر دووماوەدا ئەوا شتێکی ئاساییە هەریەك لەو دووماوەیەش دابەش دەبن بۆ چەند بەشێکی لاوەکی, کە ئەوانیش گرنگی خۆیانیان هەیە, لەگۆڕانکاریە مێژوویەکاندا, بۆ نموونە لەدایکبوونی مەسیح گرنگی خۆی هەیە و زەمینە بۆ چەند شتێك خۆشدەکات.[١٥]

بەم شێوەیەی کە ئاماژەمان بۆ کرد, ئەم چوارتایبەتمەندیە کە بنەماکانی بیری مێژووی مەسیحیەت پێکدەهێنن, شوێنپێی هەوڵی مەسیحیەتی خستۆتە بیری مێژوویەوە.

## خوداومێژوو

((مێژوو بریتی یە لە شانۆیەك کە خودا نوسیویەتی و مرۆڤ رۆڵی تیادا دەبینێت))

ئەگەر بمانەوێت باسێکی فەلسەفەی تێروتەسەل لەسەرخودا و رۆڵی خودا لەمێژوودا, لەدیدی مەسیحێتیەوە بنوسین, ئەوا پێش ئەوەی باسی پەیوەندی نێوان خوداو مێژوو بکەین, دەبێت خودا خۆی بناسین, یاخود بەمانایەکی تر ماهیەتی خودا لە مەسیحێتیدا روونبکەینەوە, چونکە خودا رۆڵێکی جەوهەری دەبینێت لە جیهانبینیەکانی ئەو ئایینەدا, بۆیە پەیبردن بەرۆڵی خودا لەو ئایینەدا زیاتر یارمەتی دەرمان دەبێت لەو بوارەدا,ووردتر بەتێڕوانینی مەسیحیەت بۆ مێژوو ئاشنامان دەکات. فۆرمی خودا لەمەسیحێتیدا بەپێی گۆڕانی سەردەمە مێژوویەکان چەندەها گۆڕانی بەسەرداهاتووە, هەروەك ئەوەی سەرەتاکانی ژیانیمەسیح (عیسی کوڕی مەریم) (د.خ) کە خۆی لەژیاندا بووە شێوەیەك بووە و دواتر بەهۆی گەشەکردنی مێژوو و تێکەڵبوونی ئاینی مەسیحی بە فەلسەفەی کۆنی یونان و ئایینی بت پەرستی دەوڵەتی رۆمانی ئەوکات گۆڕا بەشێوەیەکی تر.

لەدیارنەبوونێکی هەتاهەتایدا و لەپێشدا خودا داخراوبوو بە سەرخودی خۆیدا, پێکهاتبولەسێ قەوارەی خودای, ئەوانیش ((باوك و کوڕ و گیانی پیرۆز)) بەرێژەی جیاوازی

هەریەك لەم قەوارانە لەیەكتری, بەهەمان ڕێژەش یەكگرتوون لەناوەڕۆكدا, بەیەكەوە خودا تاك و تەنهای نەمر پێكدەهێنن.[١٦]

((باوك)) كە خودای گەورەیەو پایەیەكی بەرزی هەیە و بەدیهێنەری ژیان و مرۆڤە و مێژووی بەم شێوازەی كە هەیە بەدیهێناوە, ((كوڕ)) یش كە خۆی یەكلاكردۆتەوە بۆ خودا هەولدەدات بۆ جولاندنی مێژوو بەئاڕاستەی ئەو نەخشەیەی كە خودا دایڕشتووە, ((گیانی پیرۆز)) یش بریتی یە لە ڕێنیشاندەری خەلكی لەمیانەی چالاكیەكانی مێژوودا.[١٧] لەسەرەتایی ئینجیلدا باس لەخوداو ئینجیل دەكرێت, لەسەرەتادا وشەكەبوو, وشەكە لای خودابوو, وشەكەش خۆی خودابوو, ئەو هەر لەسەرەتاوە لای خودابوو, وشەكەش خۆی خودابوو, ئەو هەر لەسەرەتاوە لای خودابوو, بێ ئەو هیچ شتێك دروست نەبووە لەمانەی كە دروست بوون, ژیان لەئەودا بوو ئەو ژیانەش ڕووناكی مرۆڤ بوو, ڕووناكی تاریكی ڕووناك دەكاتەوە, تاریكی ناتوانێ ڕووناكی ببەزێنێ.[١٨] لێرەدا ووشەی (كوڕی خودا) كە مەبەست لێی (مەسیح)ە بەپێی بیروباوەڕی مەسیحیەت پێش هەموو شتێك و بەدیهاتنی زەوی و مرۆڤ ئەم بەدیهاتووە و لای خوادی (باوك) بووە.

ئەوەی شایەنی باسە لەئایینی مەسیحیدا لێلیەك هەیە سەبارەت بەوێنای خودا كە نازانرێت جیاوازی لەیەكچوونی ئەم سێ قەوارەیە خوداییە چۆن لەیەك دەدرێتەوە كەئایا یەك یەكسانە بەسێ! ئەگەر یەكسانە چۆن؟! یان بە پێچەوانەوە سێ یەكسانە بەیەك؟ بۆیە (علی عیززەت بیگۆفیچ) دەلێت (( مەسیحیەت هەرگیز نەگەشتۆتە ئاگایی تەواو سەبارەت بە تاقانەیی خودا, تیایدا تێگەیشتنێكی پڕ لەزیندوێتی هەیە لەبارەی ئولوهیەتەوە, بەلام بیرۆكەی ڕوونی تیادا نییە سەبارەت بەخودا.[١٩]

((توماس ئەكویناس) دەلێت : ((خودا هەمو ئەو سنورو فۆڕمانە تێدەپەڕێنێت كە عەقلی ئێمە پێی دەگات)), خودا لەبوونە سەربەخۆ نەمریە بلندگەرا ناكۆتاییەكەیدا شایەنی شرۆڤەكردن و لێكدانەوە نییە.[٢٠] , هەروەها سەبارەت بەعیسی كوڕی مەریەم و بیرۆكەی (كوڕی خودا) بەمانا حەقیقیەكەی شتێكی داهێنراوە, چونكە كاتێك مەسیح (د.خ) چوار مێخ كێشراوە, لەسەردارەكەی هاواری كردووە (ئیلۆئیم) واتە (ئەی پەروەردگاری من) ئەم

قسەیە لەخۆیدا وەك بەڵگەیەکی گومان هەڵنەگر ساغیکردۆتەوە کە پەیوەندی نێوان (باوك و کوڕ) ی مەسیحیەت هیچ بنەمایەکی ئایینی نییە, بابەتی سێ ڕەنگی پەروەردگار لەمەسیحیەتدا دواتر ڕەنگی بۆ ڕێژراوە, مەبەستیش لەم شانۆیە ئەوە بووە کە لەنێوان مەسیحەیت و جولەکەدا جۆە جیاوازییەکی بەرچاو هەبێت و سەربەخۆی و کەسایەتی ئایینی مەسیحیەت دووپات بکاتەوە.[٢١] سەرەتای پەیوەندی خوداو مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم چرکەساتی دروست بوونی مێژوو, چونکە بەپێی بیروبۆچوونی زۆرێك لەئاینەکان کە ئاینی مەسیحیش یەکێکە لەوانە خودا هەربووە و ئەزەلیە, لەبەرئەوەی خودا خۆی مێژووی دروستکردووە و بەشێوەیەکی شروشتی لەساتی دروستکردنەکەیدا پەیوەندی خوداو مێژوو دروستدەکرێت.

هەرچەندە خودا لەدەوڵەمەندی وشکۆفەمەندی خۆیدا بوو پێویستی بەهیچ دروستکراوێك نەبوو, بەڵام سۆزو بەزەیی داخراوی خۆی کردەوە و بڕیاری دا بەدەرخستنی و هێنانە بوونی یەکەم شێوازی بەدیهێنراوەکانی و فەرمانی دەرکردنی (وشە) ی دا.[٢٢], لەفەرمانی (وشە) شەوە کۆمەڵێك بەدیهێنراوی نەمر دروست بوون کە بریتیبوون لە فریشتەکان, ئەم فریشتانە فەرمانی دووکاری گرنگیان پێکرابوو, یەکەمیان سوپاسگوزاری کردنی بەدیهێنەرو دووەمیان هۆکاری گەیاندنی نێوان خوداو ئەو گەردوونە بەدیهێنراوەی کە لەدوای ئەوانەوە دێتەبوون.[٢٣] سەبارەت بەدیهێنانی گەردوون و ئاسمان و زەوی لە هەرسێ ئایینە ئاسمانیە گەورەکەی دونیادا تاڕادەیەك هاوڕان لە چۆنیەتی بەدیهێنانەکەی کە پێیان وایە لە (٦) رۆژدا خودا زەوی و ئاسمانەکانی بەدیهێناوە, قورئان دەفەرموێت: **(هو الذي خَلَقَ السَموات و الأرضَ في ستةً أيامٍ ثُمَ إستوى على العرش).**[٢٤] بەهەمان شێوە لەتەورات و ئینجیلدا باسی ئەم بەدیهێنانە کراوە کە خودا بە ( شەش) رۆژ ئاسمان و زەوی بەدیهێناوە و پاشان لەرۆژی حەوتەمدا پشویداوە.

لەسەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدیهێنا, کە لەشێوەی تەمێکدا بوو پاشان خودا رووناکی دروست کردوو جیایکردەوە لە تاریکی لەرۆژی یەکەمدا, پاشان خودا فەرمانی دا بە ئاوەکانی ژێر ئاسمان کۆببنەوە و بیبەستن و زەوی لێدروستبوو و پاشان خودا فەرمانی دا کە

گژوگیای و سەوزای لەسەر زەوی دروستبێت, لەرۆژی سێیەمدا, بەم شێوەیە خودا لەرۆژی چوارەم و پێنجەم و شەشەمدا سەرجەم بوونەوەری دروستکرد و شەو و رۆژ و هەواو ژیانی دروستکرد و لەرۆژی حەوتەمدا خودا پشویدا.(٢٥)

پەرتوکی پیرۆزی مەسیحیەت پێکهاتووە لە تەورات و ئینجیل واتە (پەیمانی کۆن — پەیمانی نوێ) و کاری نێردراوەکان, بۆیە ناتوانین لێکدانەوەی مەسیحێتی بۆ مێژوو روونبکەینەوە, ئەگەر لەلێکدانەوەی جوولەکایەتی بۆمێژوو تێنەگەین, خودی مەسیح (د.خ) ئاماژەی بەم راستیە کردووە و دەڵێت (نەهاتوم بۆ هەڵوەشاندنەوە, بەڵکو هاتوم بۆ تەواوکردن), واتە مەسیحیەت باوەڕی بەوە هەیە کە جوولەکایەتی باوەڕی پێیەتی, بەڵام دەبێت ئەو جیاوازیانە لەبەرچاو بگرین کە لەئەنجامی گەشەکردنی و بەرەوپێشچوونی مێژوو دروستبوو لە لێکدانەوەی مەسیحێتی بۆ مێژوو.(٢٦)

## خودا لەجیهانبینی جوولەکایەتیدا

لەجیهانبینی جوولەکایەتیدا خوداو مێژوو بەتوندی بەستراونەتەوە بەیەکەوە, هەمیشە خودا ئامادەیە لە بزوتنەوەی مێژوودا و ئاڕاستەی مێژوو دەکات بەرەوکۆتاییەکەی لەبەر ئەوەی ئەم بیروباوەڕە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە خودا بەدیهێنەری (مرۆڤ و کات و شوێنە) خودا ئەمەی کردووە و هەروا مرۆڤی وازلێهێناوە کە خۆی ژیانی خۆی بەڕێوەببات و کارەکانی ئاڕاستە بکات بەویستی خۆی بەڵکو چاودێری کارەکانی دەکات, سەرجەم لایەنەکانی ژیانی ئاڕاستە دەکات, بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ, ئاڕاستەکردنە ڕاستەوخۆکەی لەمیانەی ئەو فەرمان و بڕیارانەی بەسەر مرۆڤدا داویەتی دەردەکەوێت, کە بەفەرمانەکانی سەرئادەم دەستپێدەکات و پاشان سزادانی لەکاتی تاوانکردندا, دواتر بەردەوام بوونی ئەو رەوتەیە دوای دابەزینی (ئادەم) یش لەبەهەشت بۆ سەرزەوی.(٢٧)

پەیامبەرانی گەلی ئیسرائیل رازیبوون و تورەبوونی خودایان بەستۆتەوە بەرێژەی پەیوەستبوونی ئیسرائیلیەکان بە فەرمانەکانی شەریعەتەوە کە لەلایەن خوداوە دابەزیوە, واتە هەرچی ناخۆشی و نەهامەتی هەیە کە بەسەر گەلی ئیسرائیل(گەلی هەڵبژاردەی خودا) دا

هاتووە لە ئەنجامی تاوانەکانی خۆیانبووە, بۆیە دەبینین هەرچی شکستی مێژوویی هەیە لەمێژووی جوولەکەدا مانایەکی ئاینی هەڵگرتووە, مێژوو نوسە جوولەکەکان لەم گۆشە نیگایەوە لێکیدەدەنەوە هەرچی رووداوەکانی مێژوو هەیە پەیوەست کراوە بەویست و ئیرادەی خوداوە کە ویستویەتی سزا یاخود پاداشتی مرۆڤ بداتەوە, هەروەها راستییە مێژووییەکان بوونەتە چەند هەڵوێستێك لەنێوان خوداو مرۆڤدا کە تیایدا ئیرادەی خودا کاریگەرو سەرکەوتوو بووە و فەرمانڕەوای بەسەر کردەوەکانی مرۆڤەوە کردووە.(٢٨)

سفری ئەیوب کەیەکێکە لەپەڕتوکەکانی پەیمانی کۆن بەدەرلەم یاسایەی کە پێشتر باسمانکرد, دەڵێت پەیوەستبوونێکی رەهانیە لەنێوان ئەو ناخۆشیانەی کە خودا بەندەکانی پیێ تاقی دەکاتەوە.

لەگەڵ کردەوەی خراپ وتاوانی ئەو بەندانە, لەوانەیە ئەم تاقی کردنەوەیە بۆ بەهێزبوونی هەندێ کردەوەی دەروونی مرۆڤەکانبێت, وەك ئارامی و پێشبەستنی تەواوەتی بەندەکان بەدانایی و سۆزی خودا.(٢٩) لەسەربنچینەی ئەو یاسایەی کە باسمانکرد کە سزاو پاداشتی خودای دەبەستێتەوە بەکردەوەی مرۆڤەکانەوە, ئەوە ئاشکرادەبێت کە مرۆڤ ویست و ئیرادەی هەڵبژاردنی چاکەو خراپەی هەیە بۆیە هەرخۆی دوایی بەرگەی ئاکامەکەی دەگرێت و پاداشتی کارەکانی وەردەگرێت, لێرەوە دەگاتە ئەوەی کە مرۆڤ خۆی کارەکتەری سەرەکیە لەمێژوودا.(٣٠)

لەپەیمانی کۆندا لە (سفر تکوین) دا باسی ئەوە دەکرێت کاتێك خودا خواردنی بەری داری (زانین) ی لە (ئادەم و حەوا) قەدەغەکردبوو, شەیتان ئەوانی فریوداو لەبەری دارەکەیان خوارد, بەم شێوەیە (ئادەم وحەوا) چاکەو خراپەی خۆیان جیاکردەوە و ئەمەش یەکێك بوو لەخەسڵەتەکانی خودا, لێرەدا کە فەرمانی خودایان شکاندو تاوانیان کرد بۆیە خودا دەریکردن لەبەهەشت بۆ سەرزەمین.(٣١) ئەگەر جوولەکایەتی لەمیانەی دروستکردنی ئادەم و رێنیشاندانی مرۆڤ بەهۆی پەیامبەرو نێرراوەکانی خۆی سزادانیان لەسەر تاوانەکانیان بەشێوازی جیاواز جەخت لەسەر ئامادەیی خودا بکەنەوە لەمێژوودا, ئەوا مەسیحیەکان باوەڕیان وایە خودا هاتوەتە ناو مێژووەوە لەرێگەی بەرجەستەبوونی لەشێوەی مەسیح

(عیسى كوڕى مەریەم) (د.خ) بۆ دروستكردنى مەملەكەتى خودا لەسەرزەوى, پاشان گیانى خۆى وەك قوربانیەك پێشكەش دەكات لەبەرامبەر تاوانەكەى ئادەم (د.خ), دواتر بۆ جارى دووەم لەمیانەى زیندوبوونەوەى و سەركەوتنى بۆ ئاسمان, بەمەش نەمرى بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەكات.[٣٢]

سەبارەت بەشێوازى هاتنى مەسیح و ئایا لاشەى لە ئاسمانەوە هاتووە یاخو نا! ئەوا بیروبۆچوونى جیاواز خراوەتە ڕوو:

(پۆلس) دەڵێت: " مەسیح دانایى خوداى تیادا تواوەتەوە" ,(ڤالینیوس) دەڵێت: "مەسیح لەئاسمان دابەزیوە بەلاشەوە و لەڕێگەى مەریەم ەوە كە پیایدا تێپەڕبووە بۆ زەوى, هەروەك چۆن ئاو لەكەناڵەوە تێپەڕدەبێت, (مانى ) دەڵێت: " مەسیح لاشەیەكى ئەندێشەیى هەبووەو كاتێك لەخاچیشدرا هەر ئەو لاشە ئەندێشەییەبوو"[٣٣]

مەسیحیەتى كڵێسە بە بەرپرسى بلاْوكردنەوەى ڕێنماییەكانى مەسیح و دروستكردنى مەملەكەتى خودا لەسەرزەوى بەدرێژایى مێژووى نەبوونى مەسیح لەسەرزەوى لەقەڵەم دەدەن, مەسیحیەكان باوەڕیان وایەكە گیانى پیرۆز بەحوكمى ئەوەى یەكێكە لە سێ پایەكەى سێگۆشەى پیرۆز, ڕۆڵێكى گەورەى هەیە لەژیانى مرۆڤ و كڵێسەدا, (ئەو) ئەو كەسانە دیاریدەكات كە كاروبارەكانى كڵێسە بەڕێوەدەبەن, شوێنى كاركردنیان بۆ دیارى دەكات لەڕووى جۆروبواروكات و شێوازەكانیەوە, هیچ شتێكى بچوك و گەورە وازلێهێنانى تاڕێكینەخات و بەشێوەیەكى چاك ڕێڕەوى كڵێسە دیارى دەكات, تا گەیشتى بەسەروەرى هەتاهەتایى و نەمرى لەمێژوودا.[٣٤]

بەوورد بونەوەمان لەو دەقانەى سەرەوەكە باسمانكرد ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت ئەگەر لە پەیمانى كۆندا زۆرینەى كارەكانى بەڕێوەبردن و چاودێرى كردنى ژیان و سەرجەم ڕەهەندەكانى مێژوو بەتەنها خودا دەیكرد, ئەوا جیاوازییەكى دیار بەدیدەكەین لە نێوان ئەمەو ئەوەى كە لەپەیمانى نوێدا هاتووە كە كارەكان و بەڕێوەبردنى هەندێ لایەنى مێژوو بەدەستى (مەسیح و گیانى پیرۆز) وەن, واتە دەتوانین بڵێین جۆرێك لەكار دابەشكردن لەمێژوودا لەنێوان هەرسێ قەوارە خواییەكەى پەیمانى نوێى مەسیحیەكاندا هەیە, ئەمەش جیاوازى بینینى خوداو

کاروخەسڵەتەکانی نیشاندەدات لەلایەن پەیمانی کۆن (جوولەکایەتی) و پەیمانی نوێ (مەسیحیەت), بۆیە زۆر جار باسی دوو خودای زۆر جیاواز دەکرێت لەڕووی خەسڵەت و ئیرادەوە.

لە ئینجیلدا دوو تێڕوانینی زۆر جیاوازونەگونجاو ناساز لەبارەی خوداو ویستی خودا بۆ مرۆڤایەتی هەیە, تەورات پێمان دەڵێت: کاتێك ئیسرائیلییەکان میسریان بەجێهێشت و خاکی کەنعانیان داگیرکرد و لەگەڵ خێڵی عەموریەکان کەلەوێبوون کەوتنە جەنگ (خودا تاشەبەردی لەئاسمان داباراندەسەر عەموریەکان), دواتر لەگەڵ خێڵی (ئەمالیك).[٣٥] کەوتنە جەنگ و خودا فەرمانی دابە ئیسرائیلییەکان ئێستا بچن و لە ئەمالیك بدەن و هەرچیەکیان هەیە بەشێوەیەکی دڕندانە لەناوی بەرن, دەستیان لێمەپارێزن, تەنانەت ژن و پیاو شیرە خۆرەو ماڵاتیشیان بکوژن (سامۆئیل"٣:١٥" ئەمە وێنەی خودایەکی شەڕخوازی خێڵەکی توندوتیژە, بەڵام وێنەی ترمان هەیە کە باسی خودا دەکات وەك خودایەکی گەورەی میهرەبانی گەردوونی کەبەرامبەر مرۆڤەکان.[٣٦] "سام ١٢:١١".

سەبارەت بەکاروکردەوەکانی مرۆڤ و پەیوەندی خودا بەوکردەوانەوە هەمان شێوەی جوولەکایەتی, مەسیحیەتیش پێیانوایە کە مرۆڤ لەمیانەی بەجێگەیاندنی مەرام و مەبەستەکانی خۆیاندایە شێوەیەك کە خۆیان نازانن نەخشەی خودا بۆ مێژوو جێبەجێ دەکن,واتە ئەوە خودایە کە مەیلی مرۆڤەکان بەلای کردارەکاندا رادەکێشێت و دواجار لەم رێگەیەوە ویستی خۆی لەمێژوودا جێبەجێ دەکات.[٣٧]

بیرۆکەی (چاودێری خوایی) بۆ مێژوو کە دواتر بەدرێژی لێیدەدوێین واتە ئامادەیی خودا لەمێژوودا لەدیدی مەسیحیەتەوە و بەتایبەتی بەپێی ئەو قۆناغە مێژوویانەی کە مەسیحیەت خۆی دیاری کردووە, بەشێوەیەك لە شێوەکان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت, کە لەدرێژەی توێژینەوەکەماندا درێژتر هەڵوێستەی لەسەردەکەین.

لەدوایی هاتنی (ئادەم) بۆ زەوی تاهاتنی (ئیبراهیم) و دواتر (مەسیح) و لەڕێگەی پەیامبەران و بەرنامەکانیانەوە, خودا بە چەند شێوەیەك ئامادەیی هەبووە لەمێژوودا, بەڵام راستەوخۆ خۆی نەهاتبووە ناو مێژووەکەوە, بەڵام لەدوایی هاتنی (مەسیح) بەوە ئاشنا دەبین

که خودا بەسۆزو بەزەیی خۆی دەیەوێت چیدی مرۆڤایەتی بە (تاوانی یەکەم) ەوە گیرۆدە نەبێت, بۆیە خۆی لە رۆحی (مەسیح)دا بەرجەستە دەکات و پاشان تاقەرۆڵەی خۆی کە (مەسیح)ە لەم پێناوەدا دەکاتە قوربانی تاوانەکانی مرۆڤ.

خەڵك لەسەردەمی (مەسیح) دا پرسیاریان دەکردسەبارەت بەکاتی کۆتایی مێژوو و هاتنی مەلەکوتی خودا بۆ سەرزەوی و پاداشتوسزا, (ئینجیلی مەتتا) ئاماژە بەوەدەکات و دەڵێت: قوتابیەکان پرسیاری ئەوەیان لە مەسیح کرد, کاتێك لەسەر کێوی زەیتون دانیشتبوون, دوای ئەوەی مەسیح (د.خ) هەندێك وەڵامی نادیاری دانەوە و هەندێك لەنیشانەکانی دوارۆژی بۆ باسی کردن, پاشان وتی, بەڵام سەبارەت بەکاتی رۆژی دوایی ئەوە کەس نازانێ نەمن و نەفریشتەکان تەنها باوکم نەبێت.(٣٨)

مەسیحیەت باوەڕی وایە کە رۆژی دوایی دێت و مەسیح دەگەڕێتەوە بۆ سەرزەوی, مەملەکەتی خودا لەسەرزەوی بنیاتدەنێت,لەم کاتەدا مردووەکان لەگۆڕدا زیندودەبنەوەو پاشان مەسیح بەیارمەتی فریشتەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات لەبارەی کاروکردەوەکانیان و چاکەکاران دەچن بۆ بەهەشت و خراپەکاران بۆ دەزەخ.

لەشوێنێکی تری ئینجیلدا هاتووە کە کاتێك کوڕی مرۆڤ لەبڵندی خۆیدا هات و فریشتە پیرۆزەکانی کۆکردەوە, ئەوکاتە لە سەرکورسیە شکۆدارەکەی خۆی دادەنیشێت, هەموو گەلان لە بەردەمیدا کۆدەکرێنەوە, مەسیح ئەوان جیادەکاتەوە لەسەر بنچینەی باش و خراپی, هەروەك چۆنشوان مەڕەکانی جیادەکاتەوە خراپەکان دەبرێن بۆ دۆزەخ و چاکەکان بانگ دەکرێن بۆ بەهەشت.(٣٩)

هەموو ئەوانەی کەباسمانکرد زیاتر لەدیدی کتێبە پیرۆزەکانەوە بوو, واتە لێکدانەوەیەکی تاڕادەیەك پەیوەستبوو بەدەقە نەگۆڕەکانی ئاینەوە,بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین بەشێوەیەکی فەلسەفەی کەلەلایەن فەیلەسوفە ئاینیەکانی مەسیحیەتەوە ڕوونکراوەتەوە باسی (چاودێری خوادی) بکەین, بەتایبەتی لە دیدی چەند فەیلەسوف و قەشەیەکی ناوداری وەك (ئوگستین, بوسویە, تۆماس ئاکویناس) و چەند کەسێکی تر.

ناتوانین بڵێین بیرۆکەی چاودێری خودای بیرۆکەیەکی مەسیحێتی یە لە هەموو روویەکەوە, لەگەڵ ئەوەدا بیرۆکەیەکی مەسیحێتی تایبەتی بە چاودێری خوایی هەیە, ریشە مێژوویەکانی چاودێری خودایی لە هزری ئەوروپیدا بۆ ئەفلاتون دەگەڕێتەوە چاودێری ئەفلاتونیش واتە:

یەکەم: خودایەك هەیە.

دووەم: گرنگی بەکاروبارەکانی مرۆڤ دەدات.

سێیەم: ئەستەمە بەرتیلی بدرێتێ یاخود ویستی چاکەی لێبکرڕێت.

لەم ڕوانگەوە نەسازە بگوترێت ( خودا) یەك هەیە گرنگی بەکاروباری مرۆڤ دەدات, جافەرامۆشکردن و تەمبەڵی و پاڵدانەوە خراپەیەکن بۆ خودا ناگەڕێتەوە, ناتوانرێت خودا گرنگی بەهەمەکیەکان بدات و هەندەکیەکان فەرامۆشبکات, یاسای ئەفلاتونی لێکچوو کێشدەکات, ئەو یاسا خوداییە کە هیچ کەسێکی لێبەدەرنییە, خودای تەورات بەدیهێنەری زەوی و ئەوەی لەسەریەتی دواتر خاوەنیانە, خودای ئینجیلیش باوکی تێکڕای مرۆڤەکانەو رۆزی دەری مرۆڤە, تەنانەت بە باڵندەکانی ئاسمانیش.[٤٠]

بیرمەندە مەسیحییەکانی سەرەتا ئامادەی خۆ بەدەستەوەدان بوون بەوەی کە بیرۆکەی چاودێری تایبەتمەندییەکی سەرەکی جیهانبینی نوێیە بۆ جیهان, بیرۆکەی بەدیهێنانی بنەڕەتی کۆتایی هزری مەسیحێتە دەربارەی چاودێری خودایی, بەتایبەت لای (ئەتیناگوراس) جیهانیش لای (ئوگستین).[٤١] لەدروستکراوی ئەندازەگیریەکی کوێرنیە, بەڵکو بە دیهێنراوی دانایەتیەکی باڵایە هەموو ئەوەی هەیە تەنها بەهۆی وێنەیەکەوە هەیە, خوداش وێنەی باڵای وەستاوەو ئەوە چاودێری خوداییە, لەبەر ئەوەیە شتەکانی بەدیهێناوەو دەیانپارێزێت.[٤٢]

**ئوگستین**

ئوگستین لەگۆشەنیگای ئایینەوە تێگەیشتنی مێژووی خۆی بنیات دەنێت و دەڵێت خودا کامل و بێ کەم و کورتیە لەڕووی تواناو هێزو زانینەوە ملکەچی نیە بۆ هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی پێویستی, سروشتی دروستکردووە,ئەگەر بیەوێت دەتوانێت بیگۆڕێت, وە زانیاری

هەیە سەبارەت بەوەی ڕوویداوە و ڕوو دەدات, بەکورتی خودا بڕیار لەسەر داهاتووی مێژوو دەدات. [٤٣]

بەم شێوەیە مێژوو بەو جۆرەی کە ئوگستین لێی تێگەیشتووە دەسوڕێتەوە بەدەوری هەریەك لەڕووداو کە دروستکراوە و نەمری دا کە خودا نەمرە و بەدیهێنەری کاتە, شرۆڤەکردن و تێگەیشتنی (نەمر)یش لە دیدی داهێنراوەوە شتێکی مەحاڵەو بەدینایەت.[٤٤] ئوگستین پێی وایە خودا لەچوارچێوەی مێژووی مرۆیدا, بریتی یە لە چاودێری خودای لەکاروبارەکانی مێژووی زەوی, بەڕێوەی دەباو چۆنی بوێت فەرمانڕەوایی دەکات, بەهیچ شێوازێك ناتوانێت باوەڕ بەوەبکەین کە خودا وازی لە مرۆڤ هێناوە و لەدەرەوەی یاسای چاودێریدان, بەم شێوەیە دنیا لای ئەو لەیەککگرتنێکی تەواودایە کە سەرجەم بەشەکانی ڕێکخراون لەبەرئەوەی وەستاوە لەسەربنچینەی هەڵهێنجنین و ژمارە و وێنە یان شێواز, ئەم هۆکارانەو ئەوسیستمەش کە لەجیهاندا هەیە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە کارەکانی بەپێی مەبەستی خۆی ڕێکخستووە.[٤٥] هەروەها بیرۆکەی ڕێکەوت (صدفە) بە هەموو شێوەیەك ڕەتدەکاتەوە لەڕووداوە مێژوویەکاندا لەبەرئەوەی هەموو شتێك بەپێی قەدەرو لەلایەن چاودێری خودا پەیوەست ناکات بەم شێوەیە ڕەورەوەی مێژووی زەوی بەرەو ئەوە دەڕوات کە خودا دەیەوێت, بەپێی لێکدانەوەی (ئوگستین) لەم تێگەیشتنەوەیە کە دەڵێت: " ژیان یاخود مێژوو شانۆیەکە خودا نوسیویەتی و مرۆڤ ڕۆڵی تیادا دەبینێت". [٤٦]

((ئوگستین)) پێی وایە دابەشبوونی دەسەلآت و سەرهەڵدان و داڕمانی دەسەڵاتەکانی بەڕێکەوت نییە, بەڵکو بەشوێنکەوتووی یاسامەندییە پێویست و شیاوی دووبارە ناسینەوەکانی دەزانێت, ئایا لە ئەستۆگرتن و پەسەندکردنی یاسامەندیی پێویست بۆ دیاردەکۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئایدیای (هەموو شتێك شوێنی ئیرادە و ویستی خودا کەوتووە)دا لەدژایەتیدانییە؟. وەڵامەکەش ئەوەیە نەخێر ئیرادەی خودا لەکەناڵی هۆکارە سروشتییەکانەوە کاردەکات, ئیرادەی مرۆڤەکانیش بەشێك لەم تەکوورەیی هۆوهۆگرییەت کە بۆخودا ئاشکران, خودا لەمەڕ سەرجەم هۆکارەکانی زانیاری قەدیمی هەیە, بەم شێوەیە ئوگستین لەشیکردنەوەی پرس و پێوەندییەکانی کۆمەڵگای مرۆییدا لە ئاقاری باسە

ژوورەوەییەکان بەرەو مەڵبەندی باسە زانستی و ئەزموونییەکان دەگەڕێتەوە.[٤٧] بەم پێیە (ئوگستین) هۆکاری دارمان و سەرهەڵدانی دەسەلاتەکان دەبەستێتەوە بە ئیرادەی خوداوە و لەژێر چاودێری خوداداوە.

وێڕای ئەم ڕوونکردنەوانە ئایا دەبێت بگوترێت کە جیهانی ملکەچی خراپەکان لەدەرەوەی تەکوزەیی خوداوە دانراوە؟!، بەوتەیەکی تر ئایا ئەو بەشەی جیهان کەسەربەیاساماندی زەوینییە لەدەرەوەی تەکوزەیی خوداییدایە؟!، وەڵامی ئوگستین بۆ ئەم پرسیارە نێگەتیڤە لەتیۆری ئەودا هەموو شتێك سەربەئیرادەی خوداییەو یاساکانی جیهانی سەربە خراپەکانیش لەگەڵاڵەی خودایدا جێگەیان هەیە، سەرهەڵدان و دارمانی حکومەتەکان ئەگەر لەلایەکەوە ملکەچی هۆکاری سروشتیە، لەلایەکی دیکەوە پێبەندی یاسایەکە لەخودا لەدەروونی ئەواندا داینارە.[٤٨] ئوگستین پێیوایە مێژوو تەواو نابێت مەگەر لەدنیایەکی تردا نەبێت، لەم میانەدا خودا ڕۆحی خستووەتە دەرەوەی ئەو مێژووە کاتیەی زەویەوە، چونکە گیان پەیوەست نییە بەکاتەوە.[٤٩] لێرەدا رەخنە لەبیرۆکەی چاودێری خودایی لای ئوگستین دەگیرێت، بەوەی کە ئەگەر خودا بەتواناو دادوەرو خەیرویستەو بەهەموو خەسڵەتێکی جوان وەسف دەکرێت، بۆچی چاودێری ئەو قبوڵی شەڕو خراپە و تاوان وستەم دەکات لەمێژوودا.[٥٠] لەمەسیحیەتدا دووجۆر مێژوو دیاری دەکرێت: مێژوو (پیرۆز) و مێژووی (دنیایی)، بیرۆکەی چاودێری خودایی بۆ هەریەك لەم دوو مێژووە جیاوازە، لەیەکەمیاندا (مێژووی پیرۆز) چاودێری تایبەت و ڕاستەوخۆی خودا ئاراستەیان دەکات و لەدووەمیاندا (مێژووی دنیایی) چاودێری گشتیە لەمیانەی یاسا گەلێك لەسروشتی پەرەسەندنی نەتەوەکاندا بەرجەستەدەبێت.[٥١]

## بـوسـویـه (١٦٢٧ – ١٧٠٤ز)

بوسویە.[٥٢] یەکێکە لەبیرمەندو پیاوە ئاینییەکانی مەسیحیەت جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەگەر ئێمە باوەڕمان بەتوانایی خودا هەبێت لە سروشتدا، ئەوا پێویستە باوەڕمان بە چاودێری و یاسای بەڕێوەبردنی خوداش هەبێت لەمێژووی مرۆڤدا.[٥٣] مێژوو لەدیدی

بوسویەوە بەپێی نەخشەیەکی خودای دەجولێت کە پێشتر دانراوە, پاشان مرۆڤەکان سەردەکەون و شکست دەهێنن بەپێی ئەم نەخشەیە, هەروەها خەڵکی لەمێژووا ملکەچی ئەو دەسەلاتەن کە بەڕێوەیان دەبات, لەژێرکاریگەری ئەو دەسەلاتەدا مەبەستی خودای جێبەجێ دەکەن, لەکاتێکدا مرۆڤەکان ئەوە بەکاری خۆیان دەزانن, بەلام خۆی لەخۆیدا جێبەجێکردنی ویست و ئیرادەی خودایە.[٥٤] لەدوای ئەوپێشەکیانە کە باسمانکردبوو سویە جەخت لەسەر رووداوێکی گرنگ و پڕ بایەخدەکاتەوە, ئەویش دەرکەوتنی خودایە لەمێژوودا لە رێگەی بەرجەستەبوونی خودا لەگیانی (مەسیح)دا بۆ ئەوەی لێ خۆشبوون خۆی بەسەرجەم ئیمانداران ببەخشێت لەتاوانی یەکەم کە تاوانی ئادەمە وە رێگە خۆشبکات بۆ دروستکردنی مەلەکوتی خودا لەسەرزەوی لەکۆتایی ژیاندا, هەروەها لەماوەی نێوان بەرزبوونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان و دروستبوونی مەملەکەتی خودا لەکۆتایدا, کلێسە کارەکتەری سەرەکی مێژووە هیچ شتێك نە لەدەرەوە و نەلەناوەوە ناتوانێت هەرەسی پێبێنێت.[٥٥]

## توماس ئەکونیاس (١٢٢٥ – ١٢٧٤ز)

توماس ئەکونیاس.[٥٦] فەلسەفەکەی لەسێ سەرچاوەی سەرەکییەوە سەریهەڵداوە ئەم سەرچاوانەش بریتین لە: فەلسەفەی کلاسیك بەتایبەتی هزرەکانی ئەرستۆ و وانەکانی ئایینی مەسیحی و مافی رۆمانی, ئەکونیاس بەتێکەڵکردنی وانەکانی ئەم سێ نەریتە گەورەیە بینایەکی نوێی لەتیۆلۆژیدا کردەوە لەکۆکردنەوەی ژیری و شەرعی ئاسانکرد.[٥٧] ئەکونیاس دەڵێت: دەستوری هەمیشەکی واتە ئەودەستورەی کە خودا لەسروشتدا بۆ بەدیهێنراوەکانی داناوە, جۆرێکە یاخود یەکێکە لە ئامڕازەکانی ئاراستەکردنی مێژووی زەوی وشتەکانی بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت, بۆیە دەستوری هەمیشەیی پلانی ئافراندنی خودا کرد دەردەبڕی.

لەبەرئەوەش هەموو شتێك دەگرێتەوە ژیندارو بێژین, ژیروناژیر, بەردکەیەوەو زەوی بەردەبێتەوە بەپێی دەستوری هەمیشەکی دەبزوێن, تۆ و پێڕەوی دەستوری هەمیشەکی دەکات و بەرەگوڵکردن هەڵدەکشێت.[٥٨] ئەکونیاس ئاماژە بەچوار یاسادەکات: یاسای

ئەزەلی, یاسای سروشتی, یاسای خودایی و یاسای مرۆیی, یاسای ئەزەلی بریتی یە لە تەشکی ئەقڵی خودا لەبەسەر بەدیهێنراوەکاندا, هەرلە فریشتەکانەوە تا گژوگیا, حکوومەت دەکات, یاسای سروشتی هەمان یاسای ئەزەلیەو لەئەقڵی مرۆڤدایە, یاسای خودایی ئیرادەی دیاریکراوی خودایە لەتەشکی سروشتدا وەحی دا دواجار یاسای مرۆیی کە لەیاسای سروشتییەوە وەرگیراوە بۆ ژیانی کۆمەلایەتی مرۆڤەوە.(٥٩)

لێرەوە ئەوەمان لا ئاشکرادەبێت کە چۆن ئەکونیاس سەرجەم لایەنەکانی ژیان هەرلەسروشتەوە تادەگاتە مرۆڤ و دواتر بێگیانەکانیش چۆن گرێدراون بەیاساگەلێکی پێکەوە بەستراوەوە کە خودا ئەم یاسایانەی نەخشەکێشاوە و دواجار ئەوە هەرخوداشە بەڕێوەیان دەبات, بەلاَم خاڵی جیاوازی (ئەکونیاس) و (ئوگستین) لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەکونیاس ئەقڵی مرۆڤ بەکارەکتەری مێژوو دەزانێت لەهەندێ بواردا هەرچەندە دواجار ئەم ئەقڵە بەشێوەیەکی خۆنەویست پەیوەستە بەئیرادەی خوداوە, بەلاَم (ئوگستین) پێگەیەك بۆئەقڵی مرۆڤ نایەلێتەوە و ڕاستەوخۆ بابەتەکان دەبەستێ بەویستی خوداوە.

لەژێر ڕۆشنایی تیشك خستنەسەر ئەو بابەتانەی لەپێشدا باسمانکرد ئەوەئاشکرا دەبێت کە بیرمەندو فەیلەسوفەکانی مەسیحێتی بەهەمان شێوەی دەقە پیرۆزەکانی (تەوجیل).(٦٠) باوەڕیان بە ئامادەیی خودا هەیە لەمێژوودا لەڕێگەی چاودێری خوداییەوە لەمێژوودا, بەلاَم ئەوەی ئەمان جیادەکاتەوە, زیاتر ووردبوونەوە و شیکردنەوەی بابەکانە لەژێر ڕۆشنایی ئەقلَ و مەیدانی بەلَگە هێنانەوە بۆ تیۆرەکان و دانانی یاساگەلێك بۆ ئەو پەیوەندیە.

لەکۆتایدا گەشتینە ئەوەی کە (مەسیحیەت) پێیوایە کە خودا خۆی مێژووی دروستکردووە, خۆشی مافی بەڕێوەبردنی هەیەو بەڕێوەی دەبات و بەپێی چاودێری خۆی بزوتنەوەی مێژوو ئاراستەدەکات و ئەم چاودێریەش بەپێی سەردەمەکان زیادوکەم دەکات و هەندێك جار خودا خۆی دێت بۆ مێژوو, وەك هاتنی بۆ مێژوو لەسەردەمی مەسیح و لەڕێگەی مەسیحەوە.

**مرۆڤ و مێژوو**

مرۆڤ یەکێکە لە ڕەگەزەکانی مێژوو (شوێن, کات,مرۆڤ), هەمیشە جێگەی گرنگی و باسکردنی پانتایی سەرجەم ئاینەکان بووە, لەوەش زیاتر سەرجەم بەرنامە کۆمەلأیەتی و سیاسی و ئابوریەکانیش لەم باسەدا پشکی خۆیان هەبووە.

لەم باسەماندا هەوڵدەدەین چەند لایەنێك لەلایەنەکانی تێڕوانینی مەسیحیەت بۆ مرۆڤ روونبکەینەوە, لەوانەش وەك باسەکانی سەرەتایی دروستبوونی مرۆڤ و پاشان پێکهاتەی مرۆڤ و دیاریکردنی ماهییەت و ناوەڕۆك و روخساری مرۆڤ, دواتر رۆڵی ئەو لەبەرەوپێش چوونی مێژوودا, هەروەها خەسڵەتە کاریگەرەکانی مرۆڤ لەسەر ڕەوڕەوەی روداوە مێژوویەکان, لەکۆتایشدا چارەسەری مرۆڤ ناوەڕۆکی ئەم باسە پێکدەهێنێت.

لەراستیدا مرۆڤ یەکێکە لەو بوونانەی کە بوونەوەریان پێکهێناوە, بەلأم خاوەن چالاکیەو بەئەندازەی بوونی خۆی خوای گەورە گرنگی پێدەدات, مرۆڤ پشت بەخوای خۆی دەبەستێت, لەوە زیاتر ئەفلاتون پێیوایە پشت بەنموونەکان (المثل) دەبەستێت, لەوە زیاتریش کە ئەرستۆ پێیوایە پشتی بەستووە بە بزوێنەی یەکەم کەخۆی ناجوولێ, ئەم بابەتە چەند جیاوازییەکی دروستکردووە لە کەشی میتافیزیکیدا کەلەبیری یونانەدا بەقووڵی مرۆڤ لە ئایینی مەسیحی جیادەکاتەوە. مەسیحیەت هەروەك هەردوو ئایینە ئاسمانیە گەورەکەی جیهان (جوولەکایەتی ئیسلام) چیرۆکی دروستبوونی مرۆڤ بۆئادەم دەگەڕێنێتەوە.

خوای گەورە لەخاکی زەوی (ئادەم) ی دروستکرد لەسەر شێوەی خۆی و پاشان بوو بەیەکەم نموونەی ئەو مرۆڤەی کە خودا ویستی دروستکردنی هەبوو, پاشان خودا ئازادی ویست و ئیرادەی پێدا, هەروەك چۆن پێشتر ئەم ئازادیەی بەفریشتەکان دابوو, دواتر مرۆڤی کردە سەرگەورەی زەوی و بالأ دەستیکرد بەسەر سەرجەم دروستکراوەکانیدا, هەموو ئەو دروستکراوانەی کە بەسەرزەوی دا دەڕۆیشتن و هەموو ئەوانەی بەئاسماندا دەفڕین یان لەئاودا مەلەیان دەکرد, خودا پۆل پۆل هێنانیە بەردەم ئادەم و خودا ناوی هەریەك لەو دروستکراوانەی فێری ئادەم کرد.(٦١)

خودا فەرمووی: باش نییە ئادەم بەتەنهابێت هاوشێوەیەکی بۆ دروستکرد تاهاوکاری بێت, پاشان خودا هەرچی ئاژەڵی زەوی و باڵندەی ئاسمان هەیە, هێنایە بەردەم ئادەم بۆ

ئەوەی ناویان بەرێت, پاشان ئادەم ناوی هەمووو باڵندەو ئاژەڵەکانی برد, بەلاّم هاوشێوەی خۆی تیایاندا بەدینەکرد, دواتر خودا ئادەمی خستە خەوێکی قووڵەوە, پەراسویەکی ئادەمی دەرهێناو جێگەکەی بەگۆشت پڕکردەوە, خودا لەو پەراسوە ژنێکی بۆ ئادەم دروستکرد.[٦٢] لەکتێبی پیرۆزدا هاتووە (وَجَبَلَ التربُ الإلهُ آدم تُراباً من الآرض و نَفَعخ آنفهِ نسمة حياة, فصارَ آدَمُ نفساً حيةً) واتە خودا ئادەمی لەخۆڵی زەوی دروستکردووە و پاشان لەگیانی خۆی گیانی بە بەرداکردووە.[٦٣]

خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا, بەنێرومێ بەدیهێنان خودا پیرۆزی کردن و پێی فەرموون: (بەرداربن و زۆربن و زەوی پڕبکەن و بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆتانەوە).

ئینجا خودا فەرمووی:( ئەوەتا هەموو گیایەکی تۆوگر کەلە سەرتاسەری رووی زەوی هەیە داومە بەئێوە لەگەڵ هەموو دارێکیش کە بەری هەیە, بۆ ئێوە دەبنە خۆراك.[٦٤]

پاشان خوداوەند خودا ئادەمی هەڵگرت و لەباخچەی عەدەن داینا, بۆ خۆشکردن و پاراستنی, خوداوەند فەرمانی بەئادەم داو فەرمووی: (بۆت هەیە لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت, بەلاّم بۆت نییە لەدرەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت, چونکە ئەو رۆژی لێیبخۆیت بەڕاستی دەمریت).[٦٤] بەلاّم مرۆڤ ئازادیەکەی خۆی بەکارهێنا بۆ سەرپێچی کدنی فەرمانی خودا, هەروەك چۆن لوسیفر (شەیتان) و شوێنکەوتوانی لەپێشداکردیان, پاشان لەبەری دارە قەدەغەکەیان خوارد بەهاندانی شەیتان کە خۆی لەشێوەی مارێکدا دەرخستبوو لەبەهەشتدا, لەسزای ئەم کارەدا خودا ئادەمی لەبەهەشت دەرکرد بۆ سەرزەوی یەکی وشك و ناوخۆش, بۆ ئەوەی خۆی کاربکات و ژیان و گوزەرانی خۆی پەیدابکات, لەم مێژووەوە ئیتر ئازارو نەخۆشی و مردن هاتە ژیانی مرۆڤەوە بەهۆی ئەو تاوانەی کە مرۆڤ کردی.[٦٥] لێرەوە بابەتی سەرەکی و مێژووی مرۆڤی زەمینی دەست پێ دەکات کە ئێمە زیاتر مەبەستمان ڕوونکردنەوەیەتی, لێرەوە ئەو مرۆڤە تەنها بێ دەوڵەت و بێ منداڵ و بێ یاساو بێ ماڵ و گیرۆدەی ئەو تاوانەی کە کردوویەتی, بەبێ بوونی هیچ ئەزمونێك دێتە زەوی و درێژە بەژیانی خۆی دەدات.

بەلآم ئەگەر بمانەوێت لەکارەکانی دواتری ئەم بوونەوەرە تێبگەین, دەبێت بزانێت لەچەند بەش پێکهاتووە, هەریەك لەوبەشانە سەربەچ سەرزەمینێکی توێژینەوەن, تاچەند پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە یان دژ بەیەکن و تاچەند لەرووی کارکردن و چالاکیەوە پلەی یەکەم دەدرێتەکامیان؟ بۆ وەلآمدانەوەی ئەم پرسیارانە سەیری مێژووی مرۆڤ دەکەین لەچوارچێوەی چاویلکەی مەسیحیەتەوە بۆ مرۆڤ.

مرۆڤ پێکهاتووە لەهەردوولایەنی لاشە (جەستە) و گیان (رۆح) کە بەشێوەیەکی گونجاو ئاوێتەو ئاوێزانی یەکتربوون و ناتوانین زۆربەی کردارەکانی مرۆڤ بخەینەپاڵ یەکێك لەم دوولایەنە بەشێوەیەکی دیار.[٦٦] بۆچوونی مەسیحیەت, مەسیحیەت بۆ مرۆڤ ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی دەروونی گیانی بێت (رۆحانی), ئایا مەسیحی گەروە نەیفەرمووە ((مرۆڤ ئەگەر هەموو جیهان بەسود بگەیەنێت, چ سودێکی هەیە, ئەگەر خۆی لەدەستبدات؟)), بۆیە پاککردنەوە و پالّەفتەکردنی خود و ڕزگارکردنی, مەبەستی سەرەکیە لەمەسیحیەتداو هەولّی بۆ دەداتێ, ئەگەر بلّێین کە خودای مەسیحیەت گیانە, مرۆڤیش ناتوانێت هیچ پەیوەندییەکی هەبێت بەخواوە مەگەر بەگیان نەبێ, دەبێت خوای گەورەش بەراستی و گیان بپەرستێت.[٦٧] لێرەوە دەبینین ئەم بۆ چوونە بۆ مرۆڤ چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەمێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا,سەرجەم پیاوە ئاینییەکان کلّێسەش لەسەر ئەم بیرەکاری کردووە بیری بەهەمووشتێك زانینی گیان (رۆح) و بەهیچ نەزانین و گرنگی پێنەدانی جەستەو پێویستیەکان و دەبینین لێرەدا مەسیحیەت وەك ئایینێکی پەتی (ئەبستراکت) دەردەکەوێت.

راست نییە لە مەسیحیەتدا وزەی مرۆڤ دبەشبکرێت بۆ دوو ئاڕاستەی جیاواز و پێچەوانە, ئاڕاستەی ئاسمان (رۆح) و ئاراستەی زەمین (جەستە), (مرۆڤ) ناتوانێت خزمەتگوزاری دوو گەورە سەرداربێت, ئەو یایەکێکیانی خۆشدەوێت و ڕقی لەویتریان دەبێتەوە, یان دەست بەیەکێکیانەوە دەگرێت و دەست لەویتریان بەردەدات.[٦٨] "تۆلیستۆ" ش پەرە بەم بیرۆکەیە دەدات و دەلّێت: ((مرۆڤ ناتوانێت سەرپەرشتی و گرنگی بەلایەنی رۆحی و هەم چێژی دونیابدات لەهەمانکاتدا, ئەگەر مۆڤ حەزی لەچێژکرد ئەوا پێویستە لەسەری واز لەلایەنە رۆحیەکەی بهێنێت, ئەگەر حەزی لەرزگاربوونی رۆحی کرد ئەوا دەبێت

واز لەژێژی دونیا بهێنێت, ئەگینا لەنێوانیاندا لەت دەبێت و نەدەگاتە ئەمەیان و نە دەگاتە ئەوەشیان.

خەڵکی راهاتوون بۆ ئەوەی ئازادی بەدەست بهێنن رێگای خۆلادان دەگرنەبەر لەوشتانەی کەدەبێتە بەربەست بۆیان و بۆ جەستەیان, یان دەبێتە ئاستەنگ لەنێوان ئەوان و بەدەستهێنانی حەزوخولیاکانیاندا, بەڵام ئەو ئامرازانەی کە دەیانگرنەبەر بۆ بەدیهێنانی چێژە جەستەی و ماددیەکانیان, لە دەوڵەمەندی و پلەو پایەی بەرزی کەسێتی لەناوخەڵکدا, هەموویان نابنەهۆی ئازادیەکی خوازراو, بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر ئەو ئازادیە کۆت دەکات, ئەگەر خەڵکی ویستیان ئازادیان بەدیبهێنن, ئەوا پێویستە لەگوناهو هەڵەو گومڕاییەکانیان زیندانێك دروستبکەن و لەنێو دیوارەکانیدا خۆیان بەندبکەن).[٦٩]ئەم بەگرنگ زانینەی لایەنی گیانی مرۆڤ لەلایەن مەسیحیەتەوە کە تەواو جیاوازە لە جوولەکایەتی لەم ڕووەوە, چونکە بەدرێژای مێژووی جوولەکایەتی ئەوان بەئاراستەی جەستە یاخود زەمینی و بیرۆکەی دروستکردنی بەهەشتی زەمینی کاریان کردووە, ئەمە وای کردووە لە زۆرێك لەوکەسانەی کە توێژینەوە لەم بوارەدا دەکەن کە بڵێن مەسیحیەت, جولەکایەتی هەڵوەشاندۆتەوە.

ئەگەر سەیری کاریگەری ئەم بیرە بکەین لەسەر سەدەکانی ناوەڕاست ئەوا بەئاشکرا کاریگەریەکی دیاری نێگەتیڤی ئەم بیرە دەبینین, لەکەمتەرخەمی کردنی خەڵك لەژیانی رۆژانەدا و بەرهەم وبەرەوپێش چوونی ژیانی دنیایان, چونکە ئەوان تەنها گرنگی بەلایەنی گیانی دەدەن, هەر ئەمەش وای کرد ئەم سەدانە ناو بنرێن بەسەدە تاریکەکان, ئەگەر سەیری مێژووی مەسیح بکەین سێ خاڵی گرنگی تیادا بەدی دەکەین کە هەریەکێك لەوانە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی مرۆڤایەتیت لەقۆناغ و فۆڕمێکەوە بۆ قۆناغ و فۆڕمێکی تر, خاڵی یەکەم لەدایکبوونی مەسیح.

کاتێك مەسیح لەدایك دەبێت و دواتر پەیمانی بۆ دێت لەمێژووی پیرۆزدا خاڵی سەرکەوتنی خێروچاکەیە بەسەر خراپەدا, یان بەمانایەکی تر رۆژی سەرکەوتنی شاری بەهەستی ئاسمانیەو بەسەر شاری زەمینیدا بەمانا ئوگستینیەکەی, چونکە کاتێك ئادەم گیرۆدەی تاوان دەبێت و بەردەوام دەبێت تاهاتنی ابراهیم (د.خ) ئەوکات ململانێ لەنێوان

شاری خوداو شاری زەمینی دروست دەبێت و بەهاتنی مەسیح ئەم ململانێیە کۆتایی دێت بەسەرکەوتنی چاکە وشاری بەهەشتی.(٧٠)

خاڵی دووەم لەخاچدانی مەسیح (د.خ) کەکارێکی گرنگی مێژووی کردووە ئەویش قوربانی دانە بەخوێنی خۆی بۆ سڕینەوەی تاوانی مرۆڤایەتی, ئیتر لەم مێژووەوە مرۆڤ بێ گوناه دەبێت و پاك دەبێتەوە لەگوناهی یەکەم, تەنها باوەڕهێنان بە مەسیح سەرجەم تاوانەکان دەسڕێتەوە, ئیتر پێویست ناکات مرۆڤ کاریش بەشەریعەت بکات, چونکە پاکێتی بەجێبەجێ کردنی شەریعەت دەستبەرنابێت, بەڵکو بەباوەڕبوون بەمەسیح (د.خ) دەستدەکەوێت, پۆلس دەڵێت : مەسیح لەبەر لاوازەکان مرد لەکاتێکی دیاریکراودا, هەروەها لەبەر تاوانباران, باسی وتەکانی مەسیح دەکات و دەڵێت: ((کوڕی مرۆڤ نەهاتووە بۆ ئەوەی خزمەت بکرێت, بەڵکو کوڕی مرۆڤ بۆ ئەوە هاتووە کە خزمەت بکات)). (٧١)

خاڵی سێیەم دووبارەهاتنەوەی مەسیح لەداهاتوودا کە مەسیحیەت باوەڕی پێیەتی, دروستکردنی مەلەکوتی خودا لەسەرزەوی کە ڕۆژی سەرکەوتنی تەواوەتی و نەبڕاوەی ڕاستیە بەسەر خراپەداو ئیتر لەدوای ئەم مێژووەوە مەسیحیەکان بەئاسوودەی دەژین و دەسەڵاتی خودا دەبێتە فریادڕەس و دابینکەری خۆشگوزەرانی بۆیان.

قورئانی پیرۆز لەسورەتی مەریەم دا باسی مەسیح (د.خ) دەکات و دەفەرمووێت: ((**وَسَلامٌ عَلَيهِ يومَ وُلِدَ وَيَومَ يَمُوتُ ويَومَ يبعثُ حياً**)).(٧٢) ئەمەش لێکنزیکی ئەم لێکدانەوەیە نیشان دەدات لەناو قورئاندا هەرچەندە بەتەواوەتی لێکدانەوەکە بەوشێوەیە نییە کەباسمانکرد, بەڵام نزیکی دەبینین لەنێوان هەردوولادا, لەباسکردنی خاڵەکانی ژیانی مەسیحیدا.

لێرەدا دەمەوێت بیروبۆچونی ئوگستین سەبارەت بە مرۆڤ و لایەنەکانی ژیان و خودی مرۆڤ و جەستەی مرۆڤ ڕوونبکەمەوە, ئوگستین پێیوایە سروشتی مرۆڤ لەدوو بەشپێکهاتووە, بەشی ماددی (فیزیکاڵی), بەشی ڕۆحی, بەوتەیەکی تر بەشی خاکی و و بەشی بەهەستی, مرۆڤ بەنیسبەتی ئەوەی کە بەپێی کام بەشی سروشتی خۆی کاربکات, سەربەدووکۆمەڵگا یان سەربەدووشارە: شاری جیهانی و شاری ئاسمانی, مێژووی مرۆڤ دەکرێ بەلێکدانەوەی ئەم

دووشاره یان ئەم دوو کۆمەڵگایە روونبکرێتەوە, ئەوەی لەسروشتی مرۆڤەوە هەڵدەستێت, سەرەتا فیزیکاڵ و خراپەو ئەو دەم ئەگەر لوتفی خودای وەبەربکەوێت دەبێتە رۆحانی و پاك.

لەسەرەتایی بەدیهێناندا هەمووان ئەندامی شاری خودایان شاری بەهەشتی بوون, پاش ئەو گوناحەی کەمرۆڤ بەهۆی سەر پێچیەوە کردی لەشاری بەهەشتیدا وەدەرنرا, لەپاش ئەوە مەگەر تەنیا بەلوتفی خودا بتوانن جارێکی تر سەر بە ئەوشارەبن, بەرزبوونەوە و رۆشتن بۆ ئەم شارە بۆ هیچ نەژاد, چین یا ولاتێکی تایبەت پاوەننەکراوە.(٧٣) لێرەوە دەبینین مەسیحەیت بیرۆکەی گەلی هەڵبژاردەی خودا کە جوولەکایەتی باوەڕیان پێی هەبوو ڕەتدەکاتەوە و جۆرێك لە بەجیهانی کردنی رزگاری و پاکی رادەگەیەنێت, ئیتر لەمەبەدوا دادپەروەری ویەکسانی لەلایەن خوداوە رادەگەیەنرێت, واتە هەروەك چۆن گوناهی یەکەم سەرجەم ئەو مرۆڤانەی گرتەوە کە لەدوای ئادەم هاتبوون و بەشداریش نەبوون لەگوناهەکەدا, بەهەمان شێوە لەخاچدانی مەسیح وەك قوربانیەك بۆ لێخۆشبوونی گوناهی مرۆڤ بەگشتی نەوەك گەلێکی تایبەت کە ئەوانیش گەلی هەڵبژاردەی خودا (ئیسرائیلییەکان) بن.

بیرۆکەی شاری زەمین و شاری بەهەشتی لای (ئوگستین) بیرۆکەکەیە مرۆڤەکان دەکات بەدوو بەشەوە, بەشێکیان ئەوانەت هاوتەریبی شاری بەهەشتی و بەشەکەی تر هاوتەریبی شاری زەمینی "ئەگستین" دەڵێت: کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هیچ نییە جگەلەدوو ڕووی جیاوازی نەبێت, یەکەم پێکهاتووە لەوکەسانەی کەژیانیان هاوتەریبی لاشەیانە, واتە بۆ لاشەیان دژەین, دووەم, ئەوانەن کەژیانیان هاوتەریبی گیانیانە, واتە بۆ گینانیان دەژین, سەرەڕای ئەوەی زاراوەی (ژیان بۆ جەستە) وای نیشاندەدات کە لاشە واتە خراپە یان خراپەکردن, بەلاّم مەبەستی ئوگستین وانەبووە, لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ شرۆڤەی ئەو شاری دنیایی کە پێك هاتوون لەوکەسانەی کە بەپێی ویستی مرۆڤ واتە هاوڕایی مرۆڤ دەژین.(٧٤) شاری ئاسمانی ئەوانەی کەتیایدا دەژین هاوڕای ویستی خودان, بیروبۆچوونی (ئوگستین) دەربارەی هەردوو شارەکە, هەرچەندە هەندێك دژەیەکی تیادایە, بەلاّم چارەسەری هەندێك لەوانە دەکرێت لەمیانەی دابەشکردنی خەڵکی لەمێژوودا.

شاری دنیایی (کاربەدەستەکانی ئارەزووی خۆیان دەکەنە پێوەر و زاڵ دەبن بەسەر مرۆڤە ژێردەستەکانیان) دا, هەمیشە جۆرێك مرۆڤن کە تینووی دەسەلاتن, هەروەها شاری زەمینی خاوەنی چاکەشە, ئاشتی و ئارامی کە خەلاتی خودان بەرپادەبن لەشاری زەمینیشدا, بەلام لەدوای ناخۆشیە زۆرەکان شاری زەمینی لەناو دەچێت و جاوید نییە, بەلام شاری ئاسمانی لەسە بنەمای خۆشەویستی خودا دامەزراوە: (تیایدا مرۆڤە فەرمانڕەواکان ژێردەستەکانیش بەیەکەوە هاوکاری یەکتر دەکەن, ئەمان کارگێڕیەکی باوك ئاسا و ئەوانیش بەگوێڕایەڵی خۆیان).(٧٥)

لەکتێبی (دانپیانانەکان) دا لەچەند شوێنێك بەنەشیاوی دەزانێ کە مرۆڤ بەپلەی یەکەم گرنگی بەکاروبارەکانی دنیابدات و لایەنی گیانی لەبیربچێ, بەڵکوئەم بانگەشەی ئەوە دەکات کە دنیا بەپلەی دووەم لەدوای هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی لایەنی گیانی (رۆحی) بێت, دەڵێت هەرکەس لایەنی گیانی" رۆحی" ژیانی ئاڕاستەبکات دەتوانێت هەوڵبدات بۆ دەستهێنانی بەخشندەی و پێدراوەکانی خودا بۆ خەڵك لەم دونیا سروشتیەدا ئوگستین جەختی لە سەرئەوە دەکرد کەشتە جوانەکان لەژیاندا (دروستکراوی خودا) ن, هەرچەندە هیچ نین جگە لەشێوەیەکی کاتی کەمترن لەچاکە هەربۆیە نابێت لەخۆشەویستی خودای بەگەورەتری بزانین.(٧٦)

"ئوگستین" وەك فەیلەسوفەکانی یۆنان لەو باوەڕەدابوو لەش و ئەندامەکانی لەتوانایاندانییە کار لەگیان و نەفسی بکەن, ئەم بۆ چوونەی خۆی بەوەپشت ڕاست دەکاتەوە کە گیان و نەفس لەلەش پایە بەرزترین, ئەوەی کار لەشت دەکات هەمیشە پایەبەرزتر لەوشتەی کەکاری تێدەکات و بەهۆی ئەم کارتێکردنەوە پەیدا دەبێت مرۆڤ شتی وای بەبیرو ئەندێشەیدا دێت لەتوانای هەستەکاندا نییە پەییان پێبەرن, هیچ کاتێك ناکرێ ئەنجام لەهۆکار کاریگەرتربێت و لەو بەهێزترنییە, بۆیە ناکرێت و ناگونجێ چاوەڕێی زانینی ڕاست و دروست لەهەستەکانەوە بکرێت.(٧٨)

ئوگستین پێیوایە خودا مرۆڤی دروست کردووە و ئیرادەی باشی پێ بەخشیوە, لەم خاڵەدا فەلسەفەی ئوگستین لە فەلسەفەی کلاسیك جیادەبێتەوە, لەبەرئەوەی فەلسەفەی کلاسیك

پشت به ئیراده نابەستێت, بەڵکو لەسەربنەمای ژیری رادەوەستێت, هەر ئەم وەرچەرخانە واتە پشت بەستن بەئیرادە لەجیاتی ژیری ئوگستین نکۆڵی لەخەلاتی "ژیری" لەمرۆڤدا ناکات, بەلاّم بڕوای وایە کە "ژیری" هاوڕێ لەگەڵ ئیرادەی چاکدا دەتوانێت جیاکەرەوەی مرۆڤی باش لەمرۆڤی خراپبێت.(٧٩)

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت, سەرجەم رووداوە مێژووییە چاك و پاکەکان یان سەرجەم ئەوانەی مێژووی مرۆڤایەتی بەرەوئاقارێکی چاك بردووە, بریتیە لە ئیرادەیەکی چاکی مرۆڤەکان, نەوەك "ژیری" یەکی چالاکی مرۆڤ, چونکە لەمێژوودا دەبینین "ژیری" زۆرجاران بەکارهاتووە بۆ شەڕو ململانێکان و هەرلە دروستکردنی چەکی جۆراوجۆرو بەکارهێنانی لەمێژوودا دەستپێدەکات و بەجەنگە گەورەکانی جیهان کۆتایی دێت.

بەدرێژایی مێژووی ئایینەکان قسەکردن لەسەر ئازادی یاخود پەیوەست بوونی ویست و ئیرادەی مرۆڤکراوە و هەمیشە جێگەی مشتومڕی زانایان بووە, هەرلەسەر ئەوەی کەباسمانکرد جیاوازی زۆر دروستبوو لەنێوان لێکۆڵیارانی "پەیمانی کۆن" سەبارەت بەئازادی و ویست و ئیرادەی مرۆڤ کەئایا ئەم ئیرادەیە ملکەچی ویست و قەزاو قەدەری خودایە "مسیر" یاخود ئازادە لەوکارانەی کە دەیکات بەتەواوی (مغیر), یان ویست و ئیرادەی مرۆڤ پەیوەستە بە ئیرادەی خوداوە.(٨٠)

هەڵوێستی "پەیمانی کۆن" دەربارەی ئازادی ویستی مرۆڤ ئەوەیەکە دەڵێت مرۆڤ لەخود و ناخی خۆیدا ئامادەی تیادایە بۆ کردنی کاری خراپ, هەروەك چۆن ئامادەی تیادایە بۆ کردنی کاری چاك, ئەمە کاریگەریەکی دیاری لەسەر مێژوو و ڕێڕەوەکەی جێهێشتووە,بۆیەدەبینین لەپەڕتوکە ئایینیەکانی جوولەکەداباوەڕیان بە بەرەوپێشچوونی مێژوو نییە بە بەردەوامی, زیاتر ئارەزوویان بەلای ئەوەدا دەڕوات کە مێژوو کۆمەڵە بزوتنەوەیەکە کەبەرەوپێش هەنگاو دەنێت و هەندێ جار بۆ دواوە دەگەڕێتەوە, هەندێ سەردەم سەردەمی گەشانەوە و خۆشگوزەرانی و هەندێکی تر ڕووداو ناخۆشیەکانن.(٨١)

"ئوگستین" نەیتوانیوە وێنەیەکی تەواوی "ئیرادەی مرۆڤ و ویستی خودا" بکێشێت.

ئازادی و هەست بە بەرپرسیارێتی لای تاك گرنگیەکی تایبەتی هەیە لەسەیرکردنی مێژوودا, لەبەر ئەمەو لەم گۆشەنیگاوە,ئوگستین وا یدەبینیٚ کە بابەتە بنچینەیکە پەیوەندی بەئەو تواناوە هەیە کە مرۆڤ هەیەتی " ئیرادەی تایبەت" بۆ گەیشتن بە بەهاگیانی و ئارامی و بەختەوەریە بالاًکان کە مێژووی تاك دەگەیەننە لوتکەی بلٚندی, جگەلەوە ئیرادەی مرۆڤ ئەگەر بشتوانیٚ لاشە ملکەچی چاودێری خۆی بکات, ئەوا ناتوانێت " گیان" ملکەچی چاودێری خۆی بکات, ئەوە بەخشندەی خودایە بەتەنها دەتوانێت زالبێت بەسەر ئەو کەم و کورتیە عەقلٚیانەدا, هەربۆیە ژیانی " گیانی" پەیوەندییەکی دوولایەنەی هەیە لەنێوان خوداو مرۆڤدا, کەبەشی خودا تیایدا گەورەترە لەبەشی مرۆڤ.(٨٢) لێرەوە دەبینین مەسیحیەت پێیوایە مرۆڤ دەبێت لەتاریکیدا کاربکات, بەبیٚ ئەوەی سەرەنجامی کارەکەی بزانێت, ئەم بیٚ تواناییەش کە توشی هاتووە لەگەشتن بەچەند ئامانجێکی سنور بۆدانراوی پێشووەوەیە, واتە مرۆڤ ناتوانێت ئامانجی خۆی بپێکیٚ, هەروەها ئەم بیٚ تواناییە ڕیشەیەکی هەمیشەییە لەسروشتی مرۆڤدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ وەك مرۆڤ بێت, دەبینین لەم باسەدا زۆربەی ئاینەکان بەهەمان شێوەی مەسیحیەت بەهەلٚەدا چوون سەبارەت بەمرۆڤ, وەك دروستبوونی کۆمەلٚەکانی " جهمیە, قدریە" لەمێژووی ئیسلامدا کە پێیان وابوو مرۆڤ دەبیٚ لێپرسینەوەی کارەکان بکات, چونکە لەلایەن هێزێکی لەئەو گەورەتر بڕیاری لەسەر دراوە, لێرەوە دەیانوت مرۆڤ گوناهە بارنییە لەوەی کە دەیکات, چونکە لەسەری نوسراوە, واتە ئەوە مرۆڤ نیە کە تاوان ئەنجام دەدات, ئەوە خودایە مرۆڤی ناچاری ئەو تاوانە کردووە.

بەهاتنی ئایینی مەسیحی ڕەوتێکی تازە ڕووە و مێژوو دەردەکەوێت کە پێیوایە چالاکی ڕووداوە مێژوویەکان لەچالاکی و ئامانجەکانی مرۆڤ نییە, بەلٚکو ئەوە داننانە بەویستی خودادا, مادام ویستی خودا مەبەستی لێی ئەوەیە کە ویستی مرۆڤ ویستێکی مرۆڤایەتی بێت و لەڕێگەی ویستی مرۆڤایەتیەوە بێتەدی, ئەو کات بڕی چالاکی خوای گەورە لەم ڕووداوانەدا, لەسەر ئامانجی ئەندازە پێشووەکەی, لەسەر دیاریکردنی ئەو ئامانجەیە کە مرۆڤایەتی ئارەزووی دەکات.

واتای ئەمە ئەوەیە کە هەموو تاکێك لەمرۆڤ ئەزانێت چ شتێکی پێویستە, پاشان رێگەی جێبەجێکردنی ئەگرێتەبەر, هەرچەندە ناشزانێ بۆچی پێویستی بەم ئامانجە هیە, بەڵکو هۆکاری ئاتاجی بەم شتە ئەوەیە کە خودا لەسەری نووسیوە کە پێویستی پێیبێت, لەبەر ئەوەی بەشداری لەجێبەجێکردنی ویستی دیاریکراودا دەکات لەزانستی خوادا, لێرەدا دەزانین کە مرۆڤ بریتیە لەوهێزە چالاکەی لەڕووداوە مێژووییەکاندا بوونی هەیە, لەبەرئەوەی هەموو رووداوێك لەسەرویستی خۆی کەڵەکە بووە.(٨٣)

پاشان دەزانین کە خوای گەورە تاکە هێزە لەکاتێکدا واقیع بریتییە لەوەی کەچالاکی ویستی خوایی پاڵدەنێت بەویستی مرۆڤەوە, لەهەموو کاتێکدا بۆ ئەوەی ئەنجامەکە راستبێت هەروەها دەزانین مرۆڤ ئەو ئامانجەیە کە رووداوە مێژوویەکان لەبەرخاتری ئەو ڕوودەدەن, لەبەرئەوەی ویستی خوای گەورە داوای مانەوەی مرۆڤ دەکات, هەروەها دەزانین کەژیانی مرۆڤ تەنها ویستێکە مەبەست لێی جێبەجێکردنی ویستی خواییە, بەپێی ئەم ئەندازەگیرییە چالاکی مرۆڤ بەزۆری مێژووی هێناوەتەکایەوە.(٨٤) واتە مرۆڤ بەتەنها خۆی ناتوانێت مێژوو دروستبکات و بەویستی خۆی یاری و رۆڵی کارکتەرێکی سەربەخۆ بگێڕێت لەشانۆی ژیاندا, هەروەك ئەو وتە بەناوبانگەی کە دەڵێت: " مێژوو ئەو شانۆیەیە کە خودا نوسیویەتی و مرۆڤ کاری تیادادەبینێت".

لەسەرەتادا مرۆڤ خراپ بووە یان بلێین مرۆڤ بەبێ خودا خراپە, هەروەك "پۆلس" لەنامەکەیدا بۆ خەڵکی "ڕۆما" باسی دەکات : ( هیچ مرۆڤێك راست و دروست نییە تەنانەت یەکێکیش! هەروەها یەکێك نییە تێبگات و یەکێك نییە بەدوای خودادابگەڕێ, هەموو خۆیان لەخودا دوورخستۆتەوە, جالەبەرئەوە هەموو بێ سود بوون, کەس کاری چاك ناکات).(٨٥)

لەبەرئەوە داننان بەوەی کە ڕووداوە مرۆڤایەتیەکان سەربەخۆن و لەویستی هیچ مرۆڤێکداو بە ئەوەوە نەبەستراوە, دیارە کارێکە کەهەر لەسەرەتاوە پێویستە ئەگەررووداوەمێژووییەکانبزانرێت.(٨٦) هەردووگەورەچاکسازی ئایینی مەسیحی "لوسروکاڤن" لە سەدەی (١٦-١٧) سەبارەت بەمرۆڤ چەند بیرورایەکیان هەبووە, هەرچەندە زۆر لایان نەدابوو لەوباوەڕەی کە مەسیحیەت پێش خۆیان هەیبوو سەبارەت بەمرۆڤ, جگەلەزیاتر فەراهەم کردنی هەندێ ئازادی مرۆڤ کە پێشتر نەبوو.

(كاڤن و لوسر) ئازادی هەڵبژاردنی مرۆڤیان بەشێوەیەك ڕەتدەكردەوە هەرچەندە لوسر دانی دەنا بەجۆرێك لەئازادی مرۆڤدا لەكاروبارەكانی دونیادا, بەڵام بەشێوەیەكی گشتی هەردووكیان ئەوەندەی پەیوەستە بەخوداوە ئەوەنە پەیوەست نییە, بەخودی مرۆڤ خۆیەوە, واتە بەشداری خودا لەمێژوودا زۆرترە و گەورەترە لەگرنگی دانی مرۆڤ بەژیانی ماددی و گیانی خۆی ئەمەش باوەڕێكی چەسپاوی مەسیحیەت بوو.(٨٧)

لەسەدەكانی ناوەڕاستدا كەمەزهەبی باڵادەست لەئەوروپا"كاسولیك"بوو تێڕوانینی خۆیان سەبارەت بەمرۆڤ تاڕادەیك لەسە ڕێڕەوی یونانی كۆن ورۆمی كۆن بنیات نابوو باسیان لەگوناهی یەكەم و دەركردنی مرۆڤ لەبەهەشت دەكرد, كەمرۆڤ گیرۆدە و ملكەچی ویست و ئیرادەی خودایەو خودا ئەوی بۆ سەرزەوی ناردووە وەك " گوناهكارێكی پەست و نەفرەت لێكراو لاواز" لێرەدا خودا تەنها چینێك لەمرۆڤی كۆمەڵگاكانی هەڵبژاردووە, ئەوانیش "رۆحانیەكانن" كەنرخیان لەلای خودا بەرزەو ڕێزی دوارۆژیان هەیە.(٨٨) هەروەها ئاكار وەك بەشێك لەخەسڵەتەكانی مرۆڤ لەسەدەكانی ناوەڕاستدا بریتی بووە لەكوشتنی هەموو ئارەزوێكی سروشتی, بۆ خۆ دەربازكردن لەگوناهی یەكەم یان گوناهی پێشینان.(٨٩) واتە لێرەدا ئەوە دەبینین كە مرۆڤ دەبێت ئەو مرۆڤەبێت كەلەگەڵ یاساكانی كۆمەڵگا بگونجێت, نەك لەگەڵ ئازادی و ویستی خۆیدا, ئەو یاسایانەش كە كڵێسەی مەسیحیەت, خۆی بەنوێنەریان دەزانێت لەبەرامبەر هەرچەشنە دژایەتی و بەرهەڵستیەكدا بەشێوەیەكی توندوتیژ ڕووبەڕووی دەبوویەوە ومافی جێنشینی خودای بەخۆی دابوو, وەك چۆن لەپێشدا باسمانكرد لەدوای خودا و رۆحی پیرۆز ئیتر كڵێسە لەسەر زەوی بەرپرسی مێژوو بوو هەتا رۆژی دوایی.

هەر ئەم كوشتنەی ئازادی مرۆڤ لەسەدەكانی ناوەڕاستدا دەبینین چەندین كوشت و بڕوجەنگی گەورەی لێكەوتۆتەوە, وەك جیابوونەوەی مەزهەبەكانی"پرۆتستانت و ئینگلیكان" و ڕوودانی چەندین جەنگی خوێناوی لەنێوان ئەم مەزهەبانەدا, هەروەها مرۆڤەكان لەم مێژووەدا كۆمەڵە مرۆڤێكی لاواز و بیٚ ئیرادەبوون واتە وەها پەروەردە كرابوون كە لەجگە لەمێژووی كڵێسەو مێژووی پیرۆز ئاگایان لەهیچ شتێكی ترنەبێت.

هەرلەبەرئەمەیە مارکس هێرش دەکاتە سەر مەسیحیەت و دەڵێت: (بنچینەی کۆمەلایەتی مەسیحیەت سەرجەم خەسڵەتەکانی ناجوامێری و خۆ بچوککردنەوە و ملکەچبوون و خۆبەکەمزانین).بەچەند خەسڵەتێکی باش لەقەڵەم دەدات.[٩٠] , چونکە فەلسەفەی "مارکس" لەبەرامبەر هەریەك لەم زاراوانەدا دژەکەی وەك سیمبولێك بۆئایدیاکەی خۆی هەڵگرتووە, لەبەرامبەر ناجوامێری و خۆبەکەمزانین, خۆبەشت زانین و یاخیبوون وڕازی نەبوون.

## فون شلیجل (١٧٧٢- ١٨٢٩ز)

فەیلەسوفێکی بواری فەلسەفەی مێژووە جیاوازی کردووە لەنێوان دووڕووی دژبەیەکدا لەمێژوودا, یەکەمیان " مرۆڤ تەنها گیاندارێکی سادەبووە و بەکارهێنانی ژیری پلەی بەرزکردۆتەوە بەشێوەیەکی قۆناغبەندی تائاستی بلیمەتی, پاشان دروست نەبوون و گەشەکردنی شارستانیەت". هەرلەسەر ئەمە " مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ هیچ نییە جگەلەمێژووی تەواوکاریەکی قۆناغبەندو پێشکەوتوو کە کۆتایی نییە", دووەمیان "مێژووی مرۆڤ پێویستە ڕێکبخرێت و تازەبکرێتەوە لەگەڵ خودا چوون(تشبه بالله)دا یاخود پێشکەوێت بەرەو ئاڕاستەی ئەو ڕێکخستنە".[٩١]

ئەو دووبیرە گشتی یە سەبارەت بەمرۆڤ پشتگیری باوەڕی "توانای تەواوکاری" لەمرۆڤ دەکات, شلیجل داندەنێت بەوەدا کەئەم باوەڕە زیاتر لەسنوری ژیریەوە نزیك ترە, هەرچەندە توانای مرۆڤ بۆ گەندەڵی گەورەترە لەتوانای ئەو بۆ کامڵبوون"تەواوکاری".

مێژووی ژیری بە بەڵگە دەهێنێتەوە و دەڵێت ڕێڕەوی ڕووداوەکانی مێژوو پشتگیری بیرۆکەی "توانای کامڵبوونی مرۆڤ" ناکات. [٩٢] لەدیدی شلیجلەوە ڕووداوی مێژووی یەکەم ئەوەیە کە " مرۆڤ کەوتۆتە ژێر کاریگەری و کۆنتڕۆڵی سروشتەوە" هێزێکی کوێرانەی سروشتی, باسی کاریگەریەکەی دەکات لەناوەڕۆکی دەروونیدا, لێرەوە نەگبەتی و بەدبەختی مرۆڤ دەردەکەوێت, پاشان دەگوازرێتەوە بۆ سەرجەم چینەکان لەسەردەمە جیاوازەکاندا, پاشان لەهەموو تاکێکدا دەردەکەوێت, کاتێکیش شێوەیەکی گشتی وەرگرت ئیتر پێویستە

وەك دیاردەیەکی دەروونی حسابی بۆ بکرێت, ئەنجامەکانی ئەمەش دەردەکەوێت وەك کەوتن و دارِووخان لەمێژوودا.(٩٣)

هیچ سنورێك نییە بۆ نزیك بوونەوە لەمرۆڤدا, پێشکەوتن و گەندەڵی هەندێ جار پەیوەندی بەلایەنی گیانی مرۆڤەوە هەیە, تاچەند لەڕاستیدا ئازادە لەڕووی ویست و ئیرادەوە, ململانێ لەنێوان بنەمای چاك و خودای لەلایەك لەگەڵ بنەمای خراپ و دژ لەلایەکی ترەوە, ئەمەیە بەشێوەیەکی دیار ژیان و مێژووی مرۆی راگیرکردووە, هەرلەسەرەتای قەیران و تەنگەژەکان هەتا کۆتاییەکەی.(٩٤)

واتە شلیجل باوەڕی بەوە هەیە کە ململانێ هەوێنی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی مێژووە, واتە تاکەکان لەڕێگەی ململانێ و هەوێنی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی مێژووە , واتە تاکەکان لەڕێگەی ململانێ و دژایەتی یەکترەوە دەتوانن پەیی بەنهێنیەکانی گەشەکردن و پێشکەوتن بەرن, چونکە هەمیشە کە بیرێك دروستدەبێت لایەنی بەرامبەر هەوڵدەدات دژ یاخود بەدیلی ئەو بیرە دروستبکات, لێرەوە بەپێی فەلسەفەی مێژوو ئەم ململانێیە ماوەیەك بەردەوام دەبێت و پاشان دەبینین هەردوو بیرەکە جۆرێك لەتێکەڵیان تیادا دروستدەبێت و لێرەوە سیستەمێك یاخود بیرێکی تازە دروستدەبێت کە مێژووی مرۆڤایەتی سوودی لێدەبینێت.

لێرەوە دەتوانین بڵێین مەسیحیەت باوەڕی وایە خودا مرۆڤی بەدیهێناوە و مەبەستی دیاریکراوی هەیە, مرۆڤ لەلاشەوگیان پێکهاتووە, مرۆڤ پێویستە بۆگیانی بژی, هەروەها مرۆڤ لەمیانەی جێبەجێکردنی ویستی خۆیدا, ویستی خودا جێبەجێ دەکات بێ ئەوەی بزانێ بەخۆی, هەروەها رۆڵی کاریگەری مەسیح لەمێژوودا وەك مرۆڤێك لەڕوویێکەوە و وەك خودا لە ڕووەکەی ترەوە, هەمیشە ئامادەیی هەیە لەمێژوودا.

## بیرۆکەی ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی

ئەم بیرۆکەیە یەکێکە لە پایە مەزنەکانی مەسیحیەتی کەچەندین بیروباوەڕی دیکەی ئایینی لەسەر بنیات نراوە, بیرۆکەی رزگابوون چەقی مەسیحیەتی پێکدەهێنێت و بریتی یە

لەخاڵی بەیەکگەیشتنی گەردوون و مێژووی مرۆڤ, کەسەرەتا لەڕووداوی بەرجەستەبووندا روودەدات, کۆتاییەکەی بریتی یە لەخاچدان و دواتر ڕزگاربوون.

لەم باسەماندا هەوڵدەدەین بیرۆکەی ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی لەمەسیحیەتدا روونبکەینەوە قسەلەسەر سەرەتاکانی دەرکەوتنی و هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم بیرەو ئامادەی ئەم بیرەلای جولەکەکان لەپێشتر و چۆنیەتی ئەو ئامادەییە, دواتر گۆڕانی ئەو شێوازە لە مەسیحیەتیدا و وەرگرتنی ئەو فۆڕمەی کە ئێستا هەیەتی بکەین.

بەرلەوەی بچینە ناوباسەکە دەبێت لەچەند چەمکێك بدوێین لەوانە"ڕزگاری" ئایا ڕزگاری لەچی؟, هەروەها چەنکی تاوانی یەکەم و هەردوو چەمکی بەرجەستەبوون, قوربانی, مەبەست لە ڕزگاری وەك چەمکێکی گشتی بریتی یە لە پرۆسەیەکی گۆڕانی یاخود وەرچەرخەکانی مرۆڤ لەخود چەقێتی سروشتیەوە بەرەو ئاڕاستەیەکی نوێ کە چەقەکەی لە حەقیقەتی خودای باڵا بڵندگەرا, یاخود متعالی دایە یاخود بەرەوخودا و بەدیهاتنی ئەو حەقیقەتەی لەپاش ئەم ژیانە.[٩٥]

"بەرجەستەبوون" واتە توانەوەی خودا لەلاشەی مرۆڤێك داو دەرکەوتنی خودا لەشێوەی مرۆڤدا, بەمانایەکی دیکە هاتنی خودا بۆ مێژوو ب چاککردنی مێژوو, ئەگەر خودا بەرجەستە نەبوایە ئەوا زانیاری و ئامادەی و توانای خودا لەژیانی مرۆڤدا سنوردار دەبوو, هەروەها خۆشەویستی خوداش بۆ مرۆڤ کەم دەبوو.[٩٦]

"تاوانی یەکەم" " **الخطیئة**" بریتی یە لەو بێ فەرمانیەی کە (ئادەم و حەوا) لەبەهەشت کردیان, دوای ئەوەی لەبەر ئەو دارەیان خوار کەخودا لێی قەدەغەکردبوون و لەئەنجامی ئەمە, خودا نەفرەتی لێکردن و لەبەهەشت دەریکردن بۆ زەوی و دواتر شوێنەواری ئەم تاوانە هەربەردەوام بوو لەسەرنەوەکانی ئادامم تا ئەوکاتەی کە خودا سۆزی دەجوڵێت و مەسیح رۆڵەی خۆی دەکاتەوە قوربانی لۆ لابردن ئەم تاوانە لەسە مرۆڤ.. بیرۆکەی " تاوانی یەکەم" دوو ئەنجامی لێکەوتەوە لەمێژوودا.

یەکەم: ئەو زانیاریانەی کە سەرجەم قەیرانە مرۆییەکان بەتاوانی یەکەمەوە دەبەستێتەوە, وایکرد کە خەڵك دوور بخاتەوە لە ململانێیەکی لۆژیکی دژی خراپە

کۆمەڵایەتیەکان, هەروەها بابەتەکەی لەبواری ململانێی لەپێناو بەرژەوەندیدا دەرکرد بۆ بواری ڕزگاربوون لەتاوان.

دووەم: ئەم ڕێنمایانە جۆرێك لەئارامیان بەخشی بەمرۆڤ بەشێوەیەکی تایبەت, چونکە بیرۆکەی تاوان بەستراوەتەوە بەبیرۆکەی ڕزگاربوونەوە, جیهان هەموو تاوانبارە, بەڵام ئومێدی ئەوە هەیە کە ڕزگارکەرێك بێت مرۆڤایەتی ڕزگاربکات.(٩٧)

" قوربانی دان" ئەو کردارە ئاینیەیە کەمرۆڤەکان بەجێیدەهێنن لەڕێگەی خوێن ڕشتن یان سەربڕینی ئاژەڵێك یان هەندێ جار مرۆڤێك بۆ سەڕینەوەی تاوان و ڕازیبوونی خودا, یەکەمجار لەلایەن کوڕەکانی ئادەم (هابیل و قابیل) وەکراوە دواتر بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لای گەلان هەبووە هەریەکەو بەشێوازی خۆی کردوویەتی.

سەبارەت بەجۆری ڕزگاربوون ئایا مەبەست لەڕزگاری دنیایی مرۆڤەکان لەدەست ستەم و زۆری دەسەڵاتەکان یاخود ڕزگاری گیانی مرۆڤەکانە لەتاوان, ئەوا لای هەریەك لەجولەکە و مەسیحیەت جیاوازە, لەپەیمانی کۆندا باسی ئەو" مەسیح" ە کراوە کەدێت و جوولەکەکان ڕزگاردەکات, ئەو مەسیحەی کە جوولەکە چاوەڕوانیان دەکرد پێغەمبەرێك نەبوو کەسزاو ناڕەحەتی بچێژێت و بمرێت, بەڵکو پاڵەوانێکی نەتەوەیی بوو کە دەوڵەتی گەلی دەستەبژێری خودا دادەمەزرێنێت.(٩٨)

کەواتە بیرۆکەی ڕزگاربوون لای جوولەکایەتی مەبەست لێی دروستبوونی دەوڵەتێکی ئایینی یە لەم جیهانەدا, کە ڕزگاری و بەختەوەری بۆ باوەڕداران دابیندەکات و دەیانپارێزێت لەستەم و زۆری بێباوەڕن, بەڵام ئەو بیرۆکەی ڕزگاربوونەوەی ئێمە مەبەستمانە جۆری دووەمە, واتە ڕزگاربوونی گیانی مرۆڤەکان لەتاوان, ئەمەش بەهۆی قوربانی دان بەگیانی مەسیح لەسەرخاچ بەدیهاتووە.

هەردوو ئایینی مەسیحیەتی و جوولەکایەتی باوەڕیان وایە (عیسی) لەخاچدراوە لەسەر چاخ مردووە, ئەم ڕووداوە جیاوازی نییە لە بەینی هەردووکیاندا, بەڵام هەردوولا لەدیاریکردنی هۆکارەکانی لە خاچدانی مەسیحدا جیاوازن و هەریەکەو بەشێوەیەك لێکیدەداتەوە.

جوولەکایەتی پێیوایە لەخاچدانی مەسیح سزایەکی دادپەروەرانە بوو کە عیسی شایەتی ئەو سزایەبوو, چونکە درۆی بەناوی خوداوە کردووە, خۆی بەکوڕی خودا لەقەڵەمداوە, سزای درۆکردن بەناوی خوداوە لەشەریعەتی جوولەکایەتیدا مردنە لەسەرخاچ بۆ هەرکەسێك, عیساش یەکێك بوو لەوتاوانبارانە.[٩٩]

بەڵام ئەمەلای مەسیحیەتی بەتەواوەتی پێچەوانەیە, لەخاچدانی مەسیح بووە هۆی دروستکردنی بیروباوەڕێك لەناو مەسیحیەتدا کە بەرەبەرە گەشەیکرد تاگەشتە پلەی کامڵبوون, رووداوی لەخاچدان چەقێکەو مەسیحیەت لەدەوری دەسوڕێتەوە.[١٠٠]

لۆژیکی ئینجیل بەشێوەیەك دەدوێت کە هەڵگری وەڵامە دەربارەی بزوتنەوەی مێژوو لەتێپەڕاندنی نادیاری و وەستانی کات بۆ مێژوویەکی دیارو روناك, ئەمەش دوای ئەوەی کە بەرجەستەبوونی کردە مێژوویەکی سنوردار لەنێوان شوێنەواری تاوان لەرابردوودا, رزگاربوونی مرۆڤ لەئێستادا, بەشێوەیەك کە مەسیح خۆی بەختکرد لەبەرئازادی مرۆڤ و دابینکردنی داهاتوویەکی گەش بۆ مرۆڤ, گۆڕینی مەترسی داهاتوو و دڵەڕاوکێی نەمان بۆ ڕزگاربوونێك کەئاماژە بەڕێگەی نەمری دەکات بۆ ئەو مرۆڤانەی کە جەستەیان ملکەچی گیانیان کردووە بۆ بەدیهێنانی "شاری خود" دوای ئەوەی لەشاری شەیتان دەرچوون.[١٠١]

لەمەسیحێتی دا کۆتایی ژیانی مەسیح سەرەتای مێژووی مەسیحە, خاڵی دەستپێکردنی بانگەوازەکەیەتی و لوتکەی پەیامەکەیەتی کە پێشکەشی سەرجەم گەلانی جیهانی کردووە, کۆتایی ژیانی مەسیح لەڕووە مێژوویەکەیەوە بەناوازەترین مەرگەسات لەسەرشانۆی ژیان دادەنرێت, بەڵام دواجار شوێنی سەرفرازی و رزگاری مرۆڤ.[١٠٢] قوربانی کردن لەپەیمانی کۆندا جێگەیەکی دیاری هەیە, پێویستە لەسەر هەرخێزانێك کە قوربانی بکات و خوێنەکەی برژێتە بەردەمماڵەکەی خۆی بۆ ئەوەی لەتوڕەیی خودا رزگاریبێت, هەروەك چۆن بەهۆی ئەم قوربانیەوە لەدەستی فیرعەون رزگاریان بوو.[١٠٣] لەم دەلاقەیەوە مەسیحیەت هەوڵیداوە جێگەیەك بۆ لەخاچدانی مەسیح بدۆزێتەوە, دواتر ئەم ڕووداوە یان وەك قوربانیدان بەمرۆڤێك لەپێناو مرۆڤایەتیدا ناساند, کەواتە مەسیح بریتی یە لەو

قوربانیەی بەفەرمانی خودا دەکرێتەوە قوربانی بۆ هەڵگرتنی تاوان لەسەر ڕەگەزی مرۆڤایەتی.(١٠٤)

لەپەیمانی کۆندا هاتووە" نەفرەت لێکراو ئەو کەسەیە لەخاچدەدرێت", جوولەکەکان "مەسیح" دەخەنەژێر ئەم نەفرەتە, هەروەها پەیمانی کۆن دەڵێت: " نەفرەت لێکراو ئەوکەسەیە کە کردەوە ناکات بەسەرجەم ئەوانەی لەشەریعەت -ناموس-دا نوسراوە.(١٠٥)

(پۆلس) ئەمە لێکدەداتەوە و دەڵێت مەسیح ئێمە بەخوێن کڕیەوە لەنەفرەتی شەریعەت بەوەی بوو بەنەفرەت لێکراو لەپێناو ئێمە, چونکە نوسراوە" نەفرەتلێکراو ئەوەیە لەسەردار هەڵواسرێت", ئێمەی بەخوێن کڕییەوە بۆ ئەوەی پیرۆزی ئیبراهیم بەهۆی عیسای مەسیح بە میللەتیش ببەخشرێت و بەڵێنی "رۆح" وەرگرین ئەوەی باوەڕە.(١٠٦) ئەم ڕزگاربوونە بەتەنها باوەڕبوون بە "مەسیح" دەستدەکەوێت, واتە ئیتر کەسی باوەڕدار پێویستی بەجێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی شەریعەت نییە وەك ئەرکێك, بەڵکو باوەڕبوون بە مەسیح سەرجەم ئەوەیان بۆ دابین دەکات کە شەریعەت باسیدەکات لە ڕەزامەندی خوداو بەهەشتی نەبڕاوە.

باوەڕبوون بە (لەخاچدانی مەسیح) مرۆڤ رزگار دەکات لەسەرجەم کۆت و بەندەکانی شەریعەتەکان, نەك تەنها شەریعەتی موسا(د.خ),بەڵکو ئەوانەی لەپێش ئەویش هاتوون یان دوای ئەویش واتە رزگاری لەدەستی سنورەکانی کتێبی پیرۆز.(١٠٧)

بەهۆی ئەم چارەسەرەوە "ڕزگاربوون" مەسیحیەت سنووری داخراو و رەهای جوولەکایەتی تێپەڕاند و بەهەوڵی مرۆڤ خۆی و شوێنکەوتنی هەنگاوەکانی مەسیح بەرەوشاری نەمری کە سنوردار نییە بەکات و شوێن و گوزارشت لەکرداریەتی مێژوو دەکات و کە لەرێگەیەوە مرۆڤ رزگاری دەبێت لەکۆتی شەیتان و خراپە و لەناوچوون.(١٠٨) لێرەدا جێگەی خۆیەتی پرسیارێك بکەین کە ئایا بەپێی باوەڕی مەسیحیەتی سەرجەم مرۆڤایەتی رزگاری دەبێت یان رزگاربوون تەنها بۆ مەسیحیەکانە؟

ئەگەر سەیری مێژووی مەسیحیەتی بکەین لەم بوارەدا بەپێی گۆڕانی سەردەمە مێژوویەکان تێڕوانینی ئەوانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

(تاكانه گەرایی "exclusivism") وەكو پێگەیەكی مەسیحیەتی ئەو بیروباوەڕەیە كە پێیوایە مەسیحیەت تەنهاوتاكە ئیمانی راستەقینەی رزگاریە "تاكانەگەرا" مەسیحیەكان رزگاری وەكو چوونە بەهەشت لێكدەدەنەوە و تایبەتە بەمەسیحیەكان و بەس بۆچەندان سەدە ئەم باوەڕە لەلایەن زۆرینەی مەسیحیەكانەوە بەڕاست دەزانرا, لەبەیاننامە رەسمیەكاندا چەسپێنرا, وەكو بەیاننامەی فلۆرانس (١٤٣٨ – ١٤٤٥)ز كەهەموو ئەوكەسانەی سەربەكڵێسەی كاسۆلیكی نین, نەك تەنها بت پەرستەكان, بەڵكو جوولەكەكان و گومڕاكان و جیابووەكان ناتوانن ببنەخاوەنی ژیانی نەمری, بەڵكو دەچنە جەهەنەمێكی هەتاهەتایەوە كە بۆشەیتان و شوێنكەوتوانی ئامادەكراوە, ئەگەر پێش ئەوەی ژیانیان كۆتایی پێبێت پەیوەندی بەكڵێسەوە نەكەن.[١٠٩]

ئەم باوەڕە تاسەرەتای سەدەی نۆزدە بەردەوام دەبێت, بەڵام لەم مێژووە بەولاوە دەبینین گۆڕانكاری روودەدات بەهۆی تێكەڵبوون و كرانەوەی جیهان لەرووی ئاین و كلتوری لەلایەك و سەرهەڵدانی چەندان هزری جیاواز و خوێندنەوەی تازەی ئینجیل و پلۆڕاڵكردنی جیهان, لەلایەكی تر, هەرچەندە مەسیحیەت ئێستا ئەوەی لەرابردوودا وتوویەتی بەهەڵەی دانانێت, بەڵكو قسەلەئێستادەكات و بەشێوەیەكی "گشتگیرگەرا" قسەدەكات, (گشتگیرگەرای) ئەو باوەڕەیە كە لەلایەكەوە ڕزگای بۆ هەموو كەسێك, بەتەنها بەندە بەو لێخۆشبوون و پاكبوونەوەوە كە بەهۆی لەخاچدانی مەسیحەوە مسۆگەر دەبێت, بەڵام لەلایەكی ترەوە ئەم ڕزگاریە تەنها مەسیحیەكان ناگرێتەوە, بەڵو لەبنەڕەتدا هەموو مرۆڤەكانی دیكە دەگرێتەوە, بەمشێوەیە بازنەی ڕزاری مەسیحیەتی دەكرێت گشتگیربكرێت بۆ ئەوەی مرۆڤە نامەسیحیەكانیش بگرێتەوە, لێرەوە زاراوەی (گشتگیرگەرای) بە ووتەی دینناسی كاسۆلیكی بەناوبانگ "كارل رانەر" كرۆڤە نامەسیحیەكانیش تەنانەت بەبێ ئەوەی مەعریفە یان هەبێت دەكرێت وەكو (مەسیحیە نەناسراوەكان) رەچاوبكرێن.[١١٠] ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئینجیل ئەم بیرۆكەیە دەبینین كەلەلای قوتابیەكانی مەسیح بوونی هەبووە (یوحەننا) دەڵێت: "كوڕەكانم من ئەمەتان بۆ دەنووسم تاگوناهەنەكەن, بەڵام گەر یەكێك گوناهی كرد, ئەوا

عیسای مەسیحی بێتاوان بۆمان دەپاڕێتەوە لای باوکی ئاسمانی, ئەو کەفارەتی تاوانەکانمانە, نەك تاوانەکانی ئێمە بەتەنها, بەڵکو تاوانەکانی هەموو جیهان). (١١١)

زۆرجار لەخوێندنەوەی دەقە ئایینیەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەودەقانە خەسڵەتێکی لاستیکیان هەیە, دەتوانرێت بەچەند شێوەیەك ڕوونبکرێتەوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین باوەڕی "ڕزگاری بوون" یەکێکە لەباوەڕە گرنگەکانی(مەسیحیەتی) هەرچەندە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕبووە, بەڵام تائێستاش یەکێکە لەتەوەرە گرنگەکانی ئەو ئایینەو قسەی لەسەر دەکرێت.

## قۆناغــــە مێژووییەکـــــان

کاتێك سەیری مێژوودەکەین بەئاشکرا چەند قۆناغێکی جیاواز لەسەرجەم ڕووەکانی ژیاندا دەبینین, وەك جیاواز لەڕووی سیاسی و ئابووری و ئایدۆلۆژی و کۆمەلایەتی و فۆڕمی دەسەلاَت و چۆنیەتی ژیان, واتە هەرسەردەمەو شێواز و جیاکەرەوەی خۆی هەیەکە وادەکات لەلێکۆڵیاران لەوبوارەدا هەستن بەجیاکردنەوەی قۆناغە مێژووییەکان ئایینی مەسیحیەتیش لەم سەروبەنەوە هەستاوە بەجیاکردنەوەی قۆناغە مێژووییەکان و دیاریکردنی سیماکانی هەریەك لەو قۆناغە, لێرەدا سەرباری جیاکردنەوە و دیاریکردنی سنوری قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لەدیدی مەسیحیەتەوە, هەوڵدەدەین قسەلەسەر ئەم دابەشکردنە بکەین, کە ئایابریتی یە لە دابەشکردنی بزوتنەوەی مێژوو, یاخود تەنها بۆ ئاسان تێگەیشتنی مێژوو جیادەکرێتەوە؟

بەمانایەکی تر ئایا ڕووداوەکان پەرت دەکرێن؟ ئایا ڕابردوونیە ئێستای دروستکردووە و ئێستاش ئایندە دروستناکات؟

هەرچەندە تائێستا مێژوونوسە مەسیحیەکان هەموویان هاودەنگ نین لەدیاریکردنی قۆناغەکان, بەڵکو چەند بیروبۆچوونێك هەیە, هەندێکیان بەدوو قۆناغ و هەندێك بەسێ یان چوار, هەندێك بەحەوت قۆناغ دیاریدەکات.(١١٢) , بەلاَم ئەوەی شایەنی باسە نزیکی هەیە لە بۆچوونەکاندا سەبارەت بەدیاریکردنی قۆناغە مێژووییەکان, مەسیحیەت مێژوو بەشێوازێکی مەرگەساتی نیشاندەدات و دەیکاتە چەند بەشێك یان چەند قۆناغێك:

قۆناغی یەکەم: لەکەوتنە خوارەوەی ئادەم بۆ زەوی و بەردەوام بوونی تاوان, دەست پێدەکات تاکاتی هاتنی خودا بۆ مێژوو.[١١٣]

قۆناغی دووەم: بەهاتنی خودا بۆ مێژوو لەڕێگەی بەرجەستەبوونی "مەسیح" تا لەخاچدانی مەسیح بەردەوام دەبێت.[١١٤]

ئەم قۆناغە ئەم خالآنە دەگرێتەوە:

* بنیاتنانی کلێسەی مەسیحی لەژێر سێبەری ڕێنماییەکانی مەسیحیدا.

* رزگاربوونی مرۆڤ بەهۆی لەخاچدانی مەسیحەوە.

* زیندوبوونەوەی مەسیح و رۆشتنی بۆئاسمان کەباوەڕی نەمری لای مرۆڤ پتەودەکات.[١١٥]

قۆناغی سێیەم: لەدوای مەسیحەوە دەستپێدەکات لەڕێگەی مژدەدەران بە ئینجیل و لەرێگەی بلاَوبوونەوەی کلێسەی مەسیحیەتەوە دەستپێدەکات, ئەم قۆناغە هێشتا تەواو نەبووە.

قۆناغی چوارەم: بەشی کۆتایی مێژووە و لەداهاتوودا دێت لە کاتی دووبارە هاتنەوەی (مەسیح) بۆ زەوی و دروستکردنی مەملەکەتی خودا, دەست پێدەکات و دواجار لێپرسینەوەی دوارۆژیش دەگرێتەوە.[١١٦]

مەسیح بەهۆی ئەو گوتارەی کە پێشکەشی شوێنکەوتوانی و سەرجەم گەلانی جیهانی کرد ووتی: "برۆن هەمووگەلان تعمید بکەن و ئەوانەی پێمراگەیاندن بیپارێزن و منیش هەتا رۆژی دوایی لەگەڵتانم".

لێرەوە مەسیح بەنیگایەکی کراوەی مرۆڤانەوە بیرۆکەی "گەلی هەڵبژاردەی خودا) هەڵوەشاندنەوە,مێژووی دابەشکرد بۆ سێ بەش:

رابردوو: کەبریتی بوو لەقۆناغی باوك پێش بەرجەستەبوون.

ئێستا: بریتی یە لە قۆناغی کوڕ.

داهاتوو: بریتی یە لەقۆناغی گیانی پیرۆز.[١١٧]

ئەم ئاماژەکردنە بۆ پەیمان یان قۆناغی داهاتووی مێژوو تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە کە نوسینەوەی مێژووی پێ جیادەکرێتەوە لای مێژوو نوسە مەسیحیەکان و نوسینەوەی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست, خۆئەگەر پرسیار لەمێژوو نوسە مەسیحیەکان بکەین کە ئایا چۆن دەزانی مێژوو لەسەر نەخشەو پلانێکی دیاریکراو بەرێوە دەچێت؟ لەوەلاّمدا پێماندەلێت لەرێگەی (وەحی) سروش ەوە دەزانیت. دیارە ئەمەش بەشێکە لەوەی مەسیح بە (سروش) هێناویەتی بۆ مرۆڤەکان, ئەم حالّەتە لەئاینەکانی تریش دەیبینین وەك ئاینی ئیسلام باس لە قۆناغی داهاتووی مێژوو دەکات, لێرەوەیە نوسین مێژووی ئایینی جیاوازی هەیە لەگەلّ نوسینەوەی مێژووی زانستی, چونکە مێژووی زانستی تەنها قسەلەسەر رابردوو دەکات و فەلسەفەی مێژووی لێهەلّدەهێنجێت, سروش تەنها کردەوەکانی خودامان بۆ ڕوونناکاتەوە, بەلّو ئەوەشمان بۆ روونکاتەوە کە خودای گەورە ئەیەوێت لە داهاتوودا چی بکات.

بەهەمان شێوەی پێشوو (چواکیم) مێژوونوسێکی مەسیحیە لەسەدەی (١٢)دا ژیاوە مێژوو دابەشدەکات بۆ سێ قۆناغ, پەیمانی باوك یان خوای بێ جەستە, مەبەست پێی سەردەمی پێشووی مەسیحیەتە, هەروەها پەیمانی گیانی پیرۆز لەداهاتوودا بۆی دیاریکراوە.[١١٨]

"ئوگستین" هەموو ئەوبیروبۆچوونانە رەتدەکاتەوە کە دەلّێت مێژوو دووبارە دەبێتەوە لەشێوەی خولی دا" ئوگستین" وادەبینێت کە رووداوەکانی مێژوو لەسەر هێلّێکی راست روودەدەن کەلە بەدیهێنانی "ئادەم"ەوە "سەرەتایی مێژوو" دەست پێدەکات, وەبەرۆژی دوایی "کۆتایی پیرۆز" کۆتایی دێت.[١١٩] "ئوگستین" مێژوو دەکات بەحەوت قۆناغەوە, کە هەریەك لەوانە تایبەتمەندی خۆی هەیەو دووبارە نابێتەوە:

یەکەم: لەئادەمەوە هەتا تۆفانەکەی "نوح".

دووەم: لەتۆفانەکەوە بۆ سەردەمی پەیامبەر" ئیبراهیم"

سێیەم: لە پەیامبەر" ئیبراهیم" ەوە بۆ پەیامبەر" داود"

چوارەم: لە پەیامبەر" داود"ەوە تا بەدیلگرتنی جوولەکەکان لە عێراق.

پێنجەم: لە بەدیلگرتنی جوولەکەکان هەتا لەدایکبوونی "مەسیح".

شەشەم: ئەوسەردەمەی کەئێستا تیایدا دەژین کە بەردەوام دەبێت تارۆژی دوایی.

حەوتەم: قۆناغی کۆتاییە تیایدا مەملەکەتی خودا دروست دەبێت, لەم قۆناغەدا خودا پشوو دەدات, هەروەك چۆن لەرۆژی حەوتەم.[١٢٠] پشوو دەدات, مرۆڤیش لەدوای تەواوبوونی مێژوو پشوودەدات.[١٢١] ئەگەر لەم دابەشکردنەی "ئوگستین" رابمێنین دەبینین هەرقۆناغەو خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە, بەجۆرێکی جیا بزوتنەوەی مێژوو تیایدا ئاراستەی خۆی وەرگرتووە, ئەگەر لەرووی ئەو دابەشکردنەوەی کە ئوگستین بۆ مێژووی دەکات "مێژووی پاك و مێژووی پیس" ئەوا ململانێی ئەم دوومێژووە دەبینین لەدابەشکردنەکەدا بەشێوەیەك لە قۆناغێکدا مێژووی پاك و ئاسمانی سەردەکەوێت, وەك ئەوەی سەرەتا دوای "ئادەم" لایەنی دنیایی لەسەرکەوتنندایە و لەکاتی"نوح" دا هەربەردەوامە و بەلاَم لەدوای هاتنی ئیبراهیمەوە لایەنی چاك قورسای خۆی دەردەخات و ململانێ دەست پێدەکات و دواتر سەردەمی "داوود" کەبریتی یە لەسەرکەوتنی مێژووی پیرۆز و دروستبوونی دەسەلاَتی خودا, ئەم قۆناغە بەردەوام دەبێت تا بەدیلگرتنی جوولەکەکان کە دیسان خاڵی سەرکەوتنی مێژووی دنیایی دەگەیەنێت, پاشان دووبارە بەلەدایکبوونی" مەسیح" ئیتر بەتەواوی مێژووی پیرۆزو ئاسمانی سەردەکەوێت.

"بوسویە ١٦٢٧ – ١٧٠٤ز" لەکتێبەکەیدا بەناوی (وتارێك لەسەر مێژووی جیهان) مێژووی جیهان بەدیاریکردنی ساڵەکان وجیاکردنەوەی قۆناغەکان لەیەکتری دیاریدەکات, سەرەتا لەدابەزینی "ئادەم" بۆ زەوی کەبەساڵی (٤٠٠٤)پ.ز ناودەبات و پاشان تۆفانەکانی نوح لەساڵی (٢٣٤٨)پ.ز, دواتر هاتنی ئیبراهیم لەساڵی (١٩٢١)پ.ز , ئینجا دابەزینی ئایینی (موسا) لەساڵی (١٤٩١)پ.ز, دواجار دەرکەوتنی "مەسیح", بەلاَم گرنگترین ڕووداو لەمێژوودا لای "بوسویە" لەدوای دەرکەوتنی مەسیحیەوە بریتی یە لەدانپیانانی ئیمپراتۆر قوستەنتین بەئایینی مەسیحیدا لەساڵی (٣١٢)ز, هەروەها دیاریکردنی (چارلەمان) لەساڵی (٨٠٠)ز, وەك ئیمپراتۆری رۆمان لەلایەن پاپاوە.[١٢٢]

دەبینین هەندێ مێژوونوس دانپیانانی ئایینی مەسیحی لەلایەن (قوستەنتینەوە) بەسەرەتایی سەدەکانی ناوەڕاست دادەنێت, چونکە ئەم رووداوە بووە هۆی گۆڕانێکی ریشەی

لەمێژووی ئەوروپاو لەسەرجەم لایەنەکانی سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابووری, وایلێهات کە ئایینی مەسیحیەت و کلێسا دەست بە سەر هەموو شتێکدا بگرێت.

## هەڵسەنگاندنی لێکدانەوەی مەسیحێتی بۆ مێژوو

ئەو تێبینی و رەخنانەی کە مێژوونوسان لە لێکدانەوەی مەسیحێتی بۆ مێژووی دەگرن, دەکرێت بەدوو بەشەوە: بەشێکیان گشتی و بابەتین و بەشەکەی تر تایبەتەو لەسەر چەند لایەن و بیروباوەڕێکی مەسیحێتە, گرنگترین ئەو ڕەخنانەش لەم خالآنەدا چڕ دەکەینەوە:-

یەکەم: مێژوونوسی بەناوبانگ "بارنز" ئاماژە بەوە دەکات کە مێژوونوسە مەسیحیەکان لەنوسراوەکانیاندا لەبنچینەکانی نوسینی بابەتی مێژوویی دوورکەوتونەتەوە, دەمارگیری لەڕادەبەدەریان هەیە بەرامبەر بەبت پەرستەکان کە وایلێکردوون لەمیانەی نوسینەکانیاندا لەبابەتیبوون دەربچن, هەروەها هەولیانداوە بەشێوەیەك لێکۆلینەوە لەبەلگەنامە ئایینیەکان بکەن کەدووربێت لەڕەخنەگرتن وهەلسەنگاندن, هەموو ڕەخنەو گومانێکیان بەبێباوەڕی و لادان لە قەلەمداوە, هەندێك لەڕووداوانەی لەپەڕتوکی پیرۆزدا باسکراون لەسنوری ژیری و باوەڕپێکردنی لۆژیکی دوورن, بۆیە مێژوونوسە مەسیحیەکان هەولیانداوە بەهانەی ئەمە بەئەوە بهێننەوە کەمانای شاراوە و هێمای بۆ دەقەکان دانێن, لەجێگەی راڤەکردنێکی رەخنەگرانەو بابەتیانەی مێژوو.[١٢٣]

دووەم: "بارنز" بەهەمان شێوە دەلێت: یەکەم کارێك کەمێژوونوسە مەسیحیەکان گرنگی پێدەدەن دروستکردنی مێژوویەکی پێشینەیی پاك و بێگەردە بۆ باوەڕی مەسیحێتی, گرنگی دانی تەواو بەم مێژووە, واتە "مێژووی جوولەکەو مێژووی مەسیحی" ئەمەش تاکە مێژووە لەرابردوودا کەشایەنی گرنگیپێدان بێت, ئیتر هەرچی ڕووداو مێژووی گەلانی بت پەرست هەیە لەپلەی دووەمدان.[١٢٤]

سێیەم: لەدوایی سەرکەوتنی کلێسەی مەسیحێتی لەسەدەی چوارەمی زاینیندا بەسەر بت پەرستکاندا, نوسینی مێژووی گۆڕانی بەسەردا هاتوو کەوتە دەستی قەشەو پیاوە

ئايينيەكان, ئەم ڕەوشەش بەدرێژايی سەدەكانی ناوەڕاست هەروامايەوە, لەم ماوەيەدا مێژوو لەژێر كاريگەری لاهوتی مەسيحێتيدا بەتەواوی بچوككرابويەوە, هەموو خەسڵەتێكی زانستی لێسەنرابوويەوە, بەڵكو كرابوو بەچەند چيرۆكێكی ئەندێشەی و ميتافيزيكی.(١٢٥)

جگەلەو ڕەخنانەی كەباسمانكرد هەندێك مێژوونوسی مەسيحی هەوڵيانداوە بەشێوەيەكی زانستيانە مێژوو ڕاڤەبكەن, بەلاّم دواجار ئەوانيش گەڕاونەتەوە سەرهەمان ڕاوبۆچوونی پێشوو.

بۆ نموونە (شليجل ١٧٧٢ – ١٨٢٩ز) دەڵێت: ناتوانين فەلسەفەی مێژوو بناسين, ئەگەر لێكدانەوەيەكی مێژووی راستەقينە نەكەين, بەلاّم باوەڕی مەسيحێتی چەند ڕەگەزێكی بنچينەيی تيادايە كە قورسە لەسەرمێژوونوس لەرێگەی راڤەكردنەوە پەيی پێببات.(١٢٦)

چوارەم: مێژوونوس:"ج.رسيلی ١٨٣٤-١٨٨٥ز" مامۆستای زانكۆی كامبەردیج لەدوايی توێژينەوەيەكی بەڵگەنامەيی مەسيحيەت لەڕووی مێژوويەوە, گەشتە ئەو ئەنجامەی كە "يەسوع" هيچ نييە جگە لەچاكسازێكی كۆمەلاّيەتی لەبەر مرۆڤايەتی و سودی مرۆڤ كاريكردووە,هيچ پەيوەنديەكی بەبواری ئيلاهيات وميتافيزيكەوە نييە.(١٢٧)

"جون هيك" كەخۆی فەيلەسوفێكی مەسيحيە دەڵێت: (لەراستيدا پەيمانی نوێ و چيرۆكی گوماناوی لەبارەی "مەسيح" وەتيادايە نەك تەنها لەبەرئەوەی كە دەقەبنەڕەتيەكەلەسەرەتادا پاك و بێگەردبووەو پاشتر شێوێنراوە, بەڵكو بەهۆی سروشتی ئينجيلەوە كە دووسێ نەوە دوای ڕووداوەكان و لەلايەن نوسەری جياوازەوە زياتر لەماوەی (٣٠)ساڵدا نوسراوەتەوە).(١٢٨)

پێنجەم: هەندێك لەمێژوو نوسانی مەسيحی دەيانوت نابێت لێكدانەوەيەكی حەرفی بۆ پەڕتوكی پيرۆزبكرێت, بەڵكو دەبێت لێكدانەوەيەكی هێمای و شاراوەيی ياخود مەجازی بۆ بكرێت.

"ماسيوارنولد ١٨٢٢-١٨٨٨ز"لەكتێبەكەيدا بەناوی (ئەدەب و باوەڕ لە پەڕتوكی پيرۆز) دا دەڵێت هيچ كات زانايانی لاهوت پەڕتوكی پيرۆزيان وەك چەند دەقێكی راستی مێژووی وزانستی نيشاننەداوە, چونكە ئاژاوە دروستدەبێت, هەرئەم باوەڕە وايكرد لەفەڕەنسا ئاينزای باوەڕی هێمای – نيشانەيی دەربكەوێت, كە باوەڕيان بەلايەنە سوننەتيەكەی مەسيحێتی هەبوو, هەروەها "بيرشويتز" لەكتێبەكەيدا بەناوی "لێكۆڵينەوەی مێژووی ژيانی مەسيح" لەساڵی ١٩١٠زدا بەرگری لەباوەڕی هێمای و ناوەكی مەسيحيەت دەكات و دەڵێت" لێكۆڵينەوەی پەيمانی نوێ"

ئینجیل بەشێوەیەکی مێژووی زانستی دەبێتەهۆی دروستکردنی گومان و دوودڵی و دڵنیایی ناهێڵێت.[١٢٩] ئەمەش جێگەی ڕەخنەیە چونکە هیچ کات زانست دژی حەقیقەت نییەو بەڵکو پایەیەکی لەپایەکانی بەرەو کامڵبوون دەبیات.

"شویتزر" دەڵێت زانینی مێژووی ژیانی مەسیح یارمەتی مەسیحێتی نادات, بەڵکو زیانیشی هەیە, چەمکەکانی بەرجەستەبوون, لەخاچدان, زیندووبوونەوە نابێت لەڕوویی مێژووی زانستی یەوە لێکبدرێتەوە, چونکە ئەوەچەند خەسڵەتێکی نەمری هەمیشەین لەمەسیحێتیدا, تەنها لەڕێگەی پەیوەندی گیانیەوە بەمەسیح, دەتوانین لەو چەمکانە تێبگەین.[١٣٠]

٦."ئوگستین و بوسویە" باسی چاودێری تایبەتی خودایی دەکەن لە تێڕوانینی مەسیحێتیەوە و لەچوارچێوەی مێژووی پیرۆزدا قەتیسی دەکەن, لەوسنورە تێناپەڕێت بۆ مانایەکی مرۆیی گشتی کەسەرجەم مرۆڤایەتی قبوڵی بکات وەك ئەوەی کە فەلسەفەی مێژوو هەوڵی دەدات.[١٣١]

حەوتەم: ڤۆلتێر لەڕووی لۆژیکیەوە رەخنە لەبیری چاودێری خودایی دەگرێت, وادەبینی کەبوونی شەڕوخراپە دژی باوەڕی دادپەروەری و خودایی و چاکە ویستی و توانایی رەهایی خودایە, پرسیار دەکات ئایا خودا خراپەی دەوێت؟ ئایا خودا ناتوانێت شەڕوخراپە لەجیهان دوورخاتەوە؟ ئەگەر بیەوێت خراپە لابەرێت و نەتوانێت, ئەوا کەم و کوڕی لەتوانای خوادادهەیە, ئەگەر ئەتوانێت و نایەوێت لایبەرێت ئەوا کەم و کورتی لەچاکەو ویستی خودادهەیە, ئەگەر خودا دەتوانێت خراپە لەناوبەرێت و دەیەوێت, ئەی ئیتر شەڕوخراپە لەکوێوە دێن بۆ جیهان, بۆیە "ڤۆلتێر" دەڵێت: خودا مرۆڤی دروستکردووە و ئازادی کردوون و دەست لەکاروباریان وەرنادات و بەڵکو ژیری پێبەخشیوون بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان بەرێوەبەرن, لێرەوەیە بەچاودێری خودای ڕەتدەکاتەوە.[١٣٢]

هەشتەم: ویدجیری دەڵێت: بیروبۆچوونی ئوگستین سەبارەت بە پەیوەندی ویستی خوداو ئازادی مرۆڤ دژەیەکیەکی دیاری تیادا بەدیدەکرێت, نەیتوانیوە هاوسەنگی رابگرێت, ویستی خودا زاڵبووە بەسەر ئازادی وبەرپرسیارێتی مرۆڤدا.[١٣٣] "هرنشو" دەڵێت: ئەوەی ئوگستین باسی دەکات مرۆڤ دەکاتە کەرەستەی یاریکردنی منداڵ, یان بریتی یە لەویاریەی لە نێوان خوداو شەیتاندا دەکرێت, مرۆڤ هیچ نرخێکی نییە.[١٣٤]

نۆیەم: "بارنز" دەڵێت: ئەو بنیچینە مێژوویەی ئوگستین بیروباوەڕەکانی لێوە وەرگرتووە و ململانێی نێوان شاری خوداوشاری شەیتانی لێ دروستکردووە, پێکدێت لەبیروباوەڕە فارسیەکۆنەکانی وەك بیروباوەڕی "مانی" کە بریتین لەململانێ لەنێوان چاکەو خراپەدا,

هەروەها بیروباوەڕی بت پەرستە یونانیەکان، ئەمە جگەلەبیروباوەڕی ئیسرائیلی (جوولەکایەتی) لێرەوە "ئوگستین" تەنها جوولەکەو مەسیحیەکان دەخاتە ناوشاری خوداو ئیتر سەرجەم شارستانیەتەکۆنەکان و گەلەکانیان لەڕیزی شاری شەیتاندا ناو دەهێنێت و دواجار سەرکەوتن لەمێژوودا دەکاتە مافی دانیشتوانی شاری خودا.(١٣٥)

دەیەم: مەسیحیەتی سەرجەم نەوەکانی ئادەم تاوانبارەدەکات و دەڵێت لە دوای ئەوەی ئادەم تاوانەکەی کرد، ئیتر شوێنەواری ئەم تاوانە لەسەر نەوەکانی "ئادەم" بەردەوام بوو، بەبێ ئەوەی ئەوان هیچ تاوانێکیشیان کردبێت، زۆرجار پەیامبەران و پیاوچاکانیشی گرتۆتەوە، ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لاهوتی مەسیحیەت وەڵامی ناداتەوە.(١٣٦) ئەم باوەڕە لەدادپەروەری خودا کەمدەکاتەوە کە هەرمەسیحیەت خۆی جەختی لێدەکات، بەڵکو جۆرێك لەبڕیاری کوێرانەو بێ بنەما دەداتە پاڵ خودا، کە خودا تەڕو وشك پێکەوە دەسوتێنێت.

یانزەیەم: لەمەسیحیەتدا وێنەیەکی دیاروئاشکرا سەبارەت بەخودا دیارنییە، بەڵکو وێنەیەکی لێڵ و دابەشبوو بۆسێ قەوارەی خودایی، کەلەلایەك تاکیەتی خودای سڕیوەتەوە، لەلایەکی تر ئەوسێ خودایەی باسی لێدەکرێت سنوری دەسەڵاتیان لەمێژوودا دیارنییە، ئەمەش یەکێکە لەو ڕەخنانەی پێمانوایە بگیرێت، چونکە بەوپێیەی ئاینی مەسیحی ئاسمانیەو ئاینە ئاسمانیەکانیش خودا بەجەوهەر دادەنێت و پێویستە وێنەیەکی دیار و باڵای هەبێت.

دوانزەیەم: ئەو باوەڕەی لەبیرۆکەی "ڕزگاربوون" ناو دەبرێت و لەدرێژەی باسەکەماندا لێیدواین، وایکردووە چەندین کرداری خراپی کۆمەڵایەتی و ئابوری دروست ببێت، بەتایبەتی ئەوکاتەی ڕزگاربوون بەسترایەوە بەباوەڕبوون بە " مەسیح" ەوە لەڕێگەی کلێسەوە، دەبینین قەشەو پیاوە ئاینیەکان ئەمەیان بەهەل زانی و دیاردەی فرۆشتنی "چەکی لێخۆشبوون" دروستبوو کە بەئاشکرا خەڵکیان دەڕووتانەوە بەناوی ڕزگاریەوە، کاریگەریەتی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرلەسەر مێژووی ئەو قۆناغەی ئەوروپا.

سیانزەیەم: ئەو زانیاریانەی سەرجەم قەیرانە مرۆییەکانی دەبەستەوە بەچەمکی " تاوانی یەکەم"ە وە وایکرد لەخەڵکی بێ ئومێدبن و خەڵکی دوور خستەوە لەململانێیەکی لۆژیکی خراپە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە بەسزای خودایان دەزانی و سزای خوداش بەربەست

ناكرێت, لێرەوە بوارەكانی ژیان بەرتەسك بوونەوە و وەستانێكی كوشندە لەمێژووی پەرەسەندنی ئەو وولأتانەدا دروستبوو كە باوەڕیان وابوو.

چواردەهەم: زۆربەی مێژوونوس و لێكۆڵیارە مەسیحیەكان زمانی (عیبر) یان نەزانیوە, بۆیە نەیانتوانیوە بەباشی لەپەیمانی كۆن بكۆڵنەوە, پشتیان بەپەیمانی كۆنی وەرگێڕاو بۆ لاتینی بەستووە, یان یەكەم جار مەسیحیەت تەنها مەبەستی ئەوەبووە چەند دەقێك لەپەیمانی كۆندا بدۆزێتەوە كە پاڵپشتی بۆ چوونەكانی بكات و خۆیان پیادا هەڵواسیوە, ئەگەینا لەناوەڕۆكدا هەرگیز مەسیحیەت بەپێی پەیمانی كۆن كاری نەكردووە.(١٣٧) "

فینستیوس" یەكێكە لە قەشەگەورەكان لەسەرەتای سەدەكانی ناوەڕاستدا دەڵێت: " هەرلێكدانەوەیەكی پەیمانی كۆن كەلەگەڵ باوەڕەكانی مەسیحیەتدا نەگونجێت, ئەوا بەلە ئایین دەرچوون دادەنرێت", بۆیە دەبینین هیچ توێژینەوەیەكی زانستی قوڵ بە سنوری كڵێسەدا بەدرێژای هەزارساڵ بۆ پەرتووكە پیرۆزەكان نەكراوە.(١٣٨)

## ئەنجام

لەكۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەشتمە ئەو ئەنجامەی كەلێكدانەوەی مەسیحێتی مێژوو ئەوەیەكە كە خودا سیناریۆی مێژووی نوسیوە و هەروەك چۆن كاتی دیاریكراوی بۆ سەرەتایی مێژوو داناوە, بەهەمان شێوە كاتی كۆتایی مێژووشی دیاریكردووە، مرۆڤەكانیش رۆڵی ئەكتەر لەشانۆی مێژوودا دەگێڕن و خودا لەڕێگەی كۆمەڵێك یاسای سروشتی و مرۆیی و شەرعی یەوە ڕێڕەوەكانی مێژوو دیاریدەكات و بەرەوكۆتایی ئاڕاستەی دەكات, بەمانایەكی تر مێژوو بەناچاری لەئافراندنەوە بەرەو كۆتایی ونەمان دەڕوات و دووبارە نابێتەوە, هەروەها خودا تەنها بەدیاریكردن رانەوەستاوە, بەڵكو خۆی بەخودی خۆی هاتۆتە مێژووەوە لەڕێگەی بەرجەستەبوونی لەگیانی "مەسیح"دا دواجار بەسۆزی خۆی و لەڕێگەی لەخاچدانی" مەسیح" ەوە مرۆڤایەتی رزگار كردووە.

مرۆڤ لەلێكدانەوەی مەسیحێتیدا لەدوو بەشی گرنگ پێك هاتووە (لاشە)و(گیان)وگیانی مرۆڤ بالأترە لەلاشەو بۆیە مرۆڤی چاك دەبێت هاوتەریبی (گیان) ی كاربكات و هەوڵبدات لایەنەكانی گیانی زاڵبێت بەسەر لاشەیدا, مرۆڤ تا رادەیەكی زۆر پەیوەستە بەو چارەنوس و

دوارۆژەی کە خودا بۆی دیاریکردووە, ئازادیەکی دیاری نییە کە جێگەی ئاماژە بۆ کردن بێت.

مەسیحێتی بانگەشەی مێژوویەکی گشتی جیهانی دەکات و هەموو تایبەت کردنێکی مێژوو رەتدەکاتەوە, لەم بوارەشدا شتێکی تازەی هێنایە ناو لێکدانەوەی مێژووی یەوە کە پێشتر نەبوو, هەروەها بە پێی پەیوەندی مێژوو لەگەڵ چاکەوخراپەو ڕادەی زاڵبوونی کامیان سنوری قۆناغەکانی دیاریکردووە, مەسیحێتی لەکۆتایدا مێژوو بەمەیدانی سەرکەوتنی چاکەبەسەر خراپەدا ناو دەبات و کۆتایی مێژووی زەوی بەرۆژی دوایی دیاریدەکات و باس لەژیان و مێژوویەکی تر دەکات لەدوای زیندووبوونەوەوە.


لیستی پەراوێزەکان

١.سڤێن — ئێرك لیدمان: رێگوزەری بیری سیاسی, و: ئاسۆس کەمال, چاپی یەکەم, سلێمانی, ٢٠٠٤,لـ٥٢.

٢.هەمان سەرچاوە,لـ٥٢.

٣. سڤێن — ئێرك لیدمان: رێگوزەری بیری سیاسی, لـ٥٣.

٤.كولنجوود, ر.ج فكره تأريخ, ت:محمد بكير خليل, لجنه التأليف و الترجمه و النشر, ط٢, القاهره, ١٩٦٨ص١٠٣.

٥.هەمان سەرچاوە, لـ١٠٣.

٦. كولنجوود, ر.ج فكره تأريخ, صـ١٠٤.

٧.هەمان سەرچاوە, لـ١١٤.

٨.شوقى ابراهيم خيرالله: الإنجيل الخامس,ط١, بيروت,٢٠٠٤,صـ١٩.

٩. كولنجوود, ر.ج فكره تأريخ, صـ١٠٧.

١٠. كولنجوود, ر.ج فكره تأريخ, صـ١٠٧.

١١.کامەران محەمەد, ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو, سلێمانی, ٢٠٠٦, لـ١٢٠.

١٢. كولنجوود, ر.ج فكره تأريخ, صـ١٠٨.

١٣. هەمان سەرچاوە, لـ١٠٩.

١٤. كولنجوود, ر.ج فكره تأريخ, صـ١٠٩.

١٥. هەمان سەرچاوە, لـ١٠٩.

١٦. فراس السواح الأسطورة و المعني, دراسات في الميثولوجيا و الديانات المشرقية,ط٢, دیمشق, ٢٠٠١,صـ١٠٥.

١٧.وليد جيري, ج البان: المذاهب الكبرى في التأريخ من كونفوشيوس الى توينبى,ت: ذوقان قرقوط,ط٢, بيروت, ١٩٧٩, صـ١٤٢.

١٨.ئينجيلى يوحةننا, ١:١لـ١٦٢.

١٩.ئيسلام لەنێوان رۆژهەلاًت و رۆژئاوا, لـ٣٤٢.

٢٠.جۆن هيك: پلۆراليزمى ئاينى و ئيسلام, گۆڤارى هەژان, ١٩, لـ٢٣٧.

٢١.د. حميد عزيز: فەلسەفەو لاهوت لەسەدەكانى ناوەڕاستدا, چاپى يەكەم, سلێمانى, ٢٠٠٦, لـ١١٢.

٢٢. فراس السواح: الأسطورة و المعنى, صـ١٠٥.

٢٣. فراس السواح: الأسطورة و المعنى, صـ١٠٥.

٢٤.قرآن الكريم – حديد,اية ٤

٢٥. سفر تكوين: ١:١,٣١

٢٦.الدكتور هاشم يحيى الملاح: المفصل في الفلسفة التأريخ دراسة تحليلية في فلسفة التأريخ التأملية و النقدية,بدون, ٢٠٠٥, صـ٩٩.

٢٧. الدكتور هاشم يحيى الملاح: المفصل في الفلسفة التأريخ, صـ٨٦.

٢٨. الدكتور هاشم يحيى الملاح: المفصل في الفلسفة التأريخ, صـ٨٦.

٢٩. ويد جيري: المذاهب الكبرى في التأريخ, صـ١٢٥.

٣٠. الدكتور هاشم يحيى الملاح: المفصل في الفلسفة التأريخ, صـ٨٧.

٣١. د. سعدون محمود الساموك: تأريخ الديانتين اليهودية و المسيحية, بغداد, بدون سنة, صـ٥٣.

٣٢. ويد جيرى: المذاهب الكبرى في التأريخ, صـ١٤١.

٣٣. د. سعدون محمود الساموك: تأريخ الديانتين, صـ١٢١.

٣٤. الدكتور هاشم يحيى الملاح: المفصل في الفلسفة التأريخ, صـ١٠٦.

٣٥. ئەماليك: هۆزێكن لەهۆزەكانى ميسرى كۆن, لەسەردەمى موسادا جەنگ و كوشتارێكى زۆريان لەئيسرائيليەكان كردووە, كاتێك موسا و ئيسرائيلييەكان ميسريان بەجێهێشت, بڕوانە گۆڤارى هەژان ژمارە ١٩, لـ٢٤٣.

٣٦.جۆن هيك: ئيسلام و مەسحيەت, گۆڤارى هەژان, ژ١٩, لـ٢٤٣.

٣٧. كولنجوود, ر.ج: فكره التأريخ , ت: محمد بكير خليل, لجنه التأليف و الترجمه و النشر, القاهيره, ١٩٦٨, صـ١٠٦.

٣٨. ئینجیلی مەتتا: ٣٥:٢٤.

٣٩. ئینجیلی مەتتا:٣١:٢٦,٥٠.

٤٠. کامەران محەمەد: ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو, سلێمانی, ٢٠٠٦, لـ١٣٨ـ١٣٩.

٤١. ئوگستین: یەکێکە لەفەیلەسوفە بەناوبانگەکانی مەسیحیەت بەدامەزرێنەری فەلسەفەی مێژووی مەسیحیەت دادەنرێت, لەساڵی ٣٥٤ز لە نۆمیدی لەباکوری ئەفریقا لەدایکبووە, زمانی لاتینی زانیوە و زۆر زانست و زانیاری و سەرەتا بت پەرست بووە, دواتر دەژێتە سەرئاییینی مانی و لەکۆتایدا دەبێتە مەسیحی, چەندین تێزی فەلسەفیە سەبارەت بەژیان و مرۆڤ و خوداومێژوو.

٤٢. کامەران محەمەد: ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو, لـ١٣٩.

٤٣. **وید جیری: المذاهب الکبری في التأریخ, صـ١٤٧.**

٤٤. **الدکتور هاشم یحیی الملاح: المفصل في الفلسفة التأریخ, صـ١٠٨.**

٤٥. هەمان سەرچاوە, لـ١٠٨.

٤٦. **وید جیری: المذاهب الکبری في التأریخ, صـ١٤٨.**

٤٧. د. کەمال پولادی: مێژووی ئەندێشەی سیاسی لەرۆژئاوا لەسوکراتەوە تا مەکیاڤێلی, و: مەهدی خوندل, بەرگی یەکەم, هەولێر, لـ١٤٤.

٤٨. د. کەمال پولادی: مێژووی ئەندێشەی سیاسی, لـ١٤٥.

٤٩. د. علی حسین جابری: فلسفە التأریخ فی الفکر العربی المعاصر, جدلیە الإصالە و المعاصرە, القسم الاول, العراق, بغداد, ١٩٩٣, صـ٦٥.

٥٠. **وید جیری: المذاهب الکبری في التأریخ, صـ١٥٠.**

٥١. کامەران محەمەد: ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو, لـ١٢٠.

٥٢. بوسویە: ئەم کەسایەتیە لەریجون لەفەرەنسا لەدایکبووە, یاسای لە متز تەواو کردووە لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا خۆی یەکلاکردۆتەوە بۆ خوێندنی لاهوت, ساڵی ١٦٥٢ز, بووەتە قەشە, قەشەیەکی بەناوبانگ بووە لەکەنیسەی کاسولیك و دژایەتی پرۆستانتەکانی کردووە, کتێبێکی نوسیوە بەناوی مقال فی التأریخ العالمی.

٥٣. **الدکتور هاشم یحیی الملاح: المفصل في الفلسفة التأریخ, صـ١١١.**

٥٤. هەمان سەرچاوە, لـ١١١.

٥٥. **وید جیری: المذاهب الکبری في التأریخ, صـ١٥٥.**

٥٦. تۆماس ئەکویناس: زانایەکی بەناوبانگی مەسیحیە, لەساڵی ١٢٢٥ لەدایکبووە لەئیتاڵیا, زیاتر شوێنی فەلسەفەی ئەرستۆ کەوتووە, چەندین بەرهەمی هەیە خەریکی کاری سیاسی بووە لەژیانیدا لەسالی ١٢٧٤ز مردووە.

٥٧. د. کەمال پولادی: مێژووی ئەندێشەی سیاسی, لـ١٧٧.

٥٨. سڤێن – ئێرك لیدمان: رێگوزەری بیری سیاسی, و: ئاسۆس کەمال, چاپی دووەم, سلێمانی ٢٠٠٤,لـ٧٤.

٥٩. د. کەمال پولادی: مێژووی ئەندێشەی سیاسی, لـ١٨٢.

٦٠. " ت و جیل" ووشەیەکی کورتکراوەی هەردوو ووشەی " تەورات و ئینجیل".

٦١. فراس السواح الأسطورة و المعني, دراسات في الميثولوجيا و الديانات المشرقية,ط٢, ديمشق, ٢٠٠١,صـ١٠٦.

٦٢. سفرتكوين: ٢:١٨:٢٣.

٦٣. مظهر الملوجي و الاخرون: نشأة العالم و البشرية دراسة معاصرة فب التكوين, دار جيل للنشر, بيروت, ٢٠٠١, صـ١٥٩.

٦٤. سفر التكوين: ١:٢٨:٣١.

٦٥. سفرالتكوين٢:١٦:١٨.

٦٦. فراس السواح: الأسطورة و المعنى, صـ١٠٧.

٦٧. جلسون آتين: روح الفلسفة في العصر الوسيط: ت: د إمام عبدالفتاح إمام, القاهيرة, ١٩٧٤, صـ٢١٧.

٦٨. هەمان سەرچاوە, لـ٢١٧.

٦٩. علی عیززەت بیگۆفیڤ: ئیسلام لەنێوان رۆژهەلاّت و رۆژئاوادا, و: محەمەد چیا, چاپی سێیەم, بێ شوێن, ٢٠٠٦, لـ٣٣٥.

٧٠. هەمان سەرچاوە, لـ٣٣٦.

٧١. د. على حسين الجابرى: فلسفه التأريخ فى الفكر العربى المعاصر جدليه لإصاله و المعاصره, القسم الاول, العراق, بغداد, ١٩٩٣, صـ٦٦.

٧٢. د. القس لبيب ميخائيل: لاهوت المسيح: دراسه تحليليه لاخطر قضية من قضايا المسيحية, صـ٥٤.

٧٣.القرآن الكريم: سورة مريم: ١٥.

٧٤. د. کەمال پولادی: مێژووی ئەندێشەی سیاسی لەرۆژئاوا, و: مهدی خوندل, بەرگی یەکەم: هەولێر,٢٠٠٧,لـ١٣٤.

٧٥. ويد جيرى: أ.ج البان: المذاهب الكبرى في التأريخ من كونفوشيوس الى توينبى: ت, ذوقان قرقوط, ط٢, بيروت, ١٩٧٩, صـ١٥١.

٧٦. ويد جيرى: المذاهب الكبرى في التأريخ, صـ١٥١.

٧٧. هەمان سەرچاوە, صـ١٥٢.
٧٨. د. حەمید عزیز: فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا, سلێمانی, ٢٠٠٦, لـ١٠٠.
٧٩. د. کەمال پولادی: مێژووی ئەندێشەی سیاسی, لـ١٣٩.
٨٠. د. کتور هاشم یحیی الملاح: المفصل فی الفلسفه التأرریخ, صـ٨٧.
٨١. هەمان سەرچاوە, صـ٨٧.
٨٢. وید جیری: المذاهب الکبری في التأریخ, صـ١٤٩.
٨٣. کولنجوود, ر.ج فکره تأریخ, صـ١٠٦.
٨٤. هەمان سەرچاوە, لـ١٠٦.
٨٥. نامەی پۆلس بۆ باوەڕدارانی ڕۆما: ٣: "١٣,١٠".
٨٦. کولنجوود, ر.ج فکره تأریخ, صـ١٠٦.
٨٧. وید جیری: المذاهب الکبری في التأریخ, صـ١٥٦.
٨٨. د. علی شریعتی: انسان (مجموعة آثار شمارة٢٤) صـ٤٠.
٨٩. هەمان سەرچاوە, لـ٤٠.
٩٠. د. علی شریعتی: انسان (مجموعة آثار شمارة٢٤) صـ١٠٥.
٩١. وید جیری: المذاهب الکبری في التأریخ, صـ١٥٩.
٩٢. هەمان سەرچاوە, لـ١٦٠.
٩٣. هەمان سەرچاوە, لـ١٥٦.
٩٤. وید جیری: المذاهب الکبری في التأریخ, صـ١٦١.
٩٥. جۆن هیك: پلۆرالیزمی ئاین و ئیسلام: هەژان, ١٩, لـ٢٣٦.
٩٦. چون پول: الإیمان المسیحي بین النظریات و الإعلانات, ت: د, رمزی سعد,ط٢,١٩٨٥,صـ٢٠.
٩٧.سیرغي أ.توکاریف: الأدیان في التأریخ شعوب العالم, ت: د. أحمد م. فاضل, ط١, ١٩٩٨, صـ٥٠٤.
٩٨. علی عیززەت بیگۆفیف: ئیسلام لەنێوان رۆژهەلآت و رۆژئاوادا, لـ٣٣٣.
٩٩. عبدالکریم خطیب: المسیح في القرآن و التوراة و الإنجیل, ط١, ١٩٦٥, صـ٣٤٨.
١٠٠. هەمان سەرچاوە, لـ٣٤٨.
١٠١. د. علی حسین الجابری: فلسفه التأریخ فی الفکر العربی المعاصر, صـ٦٣.
١٠٢. هەمان سەرچاوە, لـ٦٣.
١٠٣. عبدالکریم خطیب: المسیح في القرآن و التوراة و الإنجیل, ط١, ١٩٦٥, صـ٣٤٤.
١٠٤. هەمان سەرچاوە, لـ٣٥٣.

١٠٥. عبدالكريم خطيب: المسيح في القرآن و التوراة و الإنجيل, ط١, ١٩٦٥, ص٣٥٥.
١٠٦. نامەی پۆلس بۆ غلاتیە: ٣, ١٤,١٣.
١٠٧. جيمس ضراى: الخلاص من الالف الى الياء, ت: د. مراد عزيز, ط٢, ١٩٨٣, صـ٦٣.
١٠٨. د. على حسين الجابرى: فلسفه التأريخ فى الفكر العربى المعاصر, صـ٦٣.
١٠٩. جۆن هيك: پلۆراليزمی ئايين و ئيسلام, گۆڤاری هەژان, ١٩, لـ٢٣١.
١١٠. جۆن هيك: پلۆراليزمی ئايين و ئيسلام, گۆڤاری هەژان, ١٩, لـ٢٣٣.
١١١. يەكەم نامەی يوحەننا:٢:٢.
١١٢. د. مانع بن حماد الجهني: الموسوعة الميسرة في الآديان و المذاهب والاحزاب المعاصرة, المجلد الثاني, ط٥, ٢٠٠٣م, صـ٥٨١.
١١٣. ويد جيرى: المذاهب الكبرى في التأريخ, صـ١٤١.
١١٤. هەمان سەرچاوە, لـ١٤١.
١١٥. هەمان سەرچاوە, لـ١٤٢.
١١٦. ويد جيرى: المذاهب الكبرى في التأريخ, صـ١٤٢.
١١٧. د. على حسين الجابرى: فلسفه تأريخ فى الفكر العربى المعاصر, صـ٦٢.
١١٨. كولنجوود, ر.ج فكره تأريخ, صـ١١٥.
١١٩. الدكتور هاشم يحيى الملاح: المفصل في الفلسفة التأريخ, صـ١٠٩.
١٢٠. رۆژی حەوتەم: مەبەست لەرۆژی حەوتەمی بەدیهێنانی مرۆڤ و گەردوونە كە خودا تیایدا پشوودەدات.
١٢١. ويد جيرى: المذاهب الكبرى في التأريخ, صـ١٥٠.
١٢٢. الدكتور هاشم يحيى الملاح: المفصل في الفلسفة التأريخ, صـ١١١.
١٢٣. الدكتور هاشم يحيى الملاح: المفصل في الفلسفة التأريخ, صـ١١٣.
١٢٤. الدكتور هاشم يحيى الملاح: المفصل في الفلسفة التأريخ, صـ١١٤.
١٢٥. هەمان سەرچاوە, لـ١١٤.
١٢٦. ويد جيرى: المذاهب الكبرى في التأريخ, صـ١٥٩.
١٢٧. هەمان سەرچاوە, لـ١٦٣.
١٢٨. جون هيك: ئيسلام و مەسيحيەت, گۆڤاری هەژان ژمارە ١٩ , لـ٢٤٢.
١٢٩. ويد جيرى: المذاهب الكبرى في التأريخ, صـ١٦٣.
١٣٠. ويد جيرى: المذاهب الكبرى في التأريخ, صـ١٦٤.
١٣١. الدكتور هاشم يحيى الملاح: المفصل في الفلسفة التأريخ, صـ١١٦.

١٣٢. هەمان سەرچاوە, لـ١١٧.

١٣٣. ويد جيري: المذاهب الكبرى في التأريخ, صـ١٤٨.

١٣٤. الدكتور هاشم يحيى الملاح: المفصل في الفلسفة التأريخ, صـ١١٧.

١٣٥. هەمان سەرچاوە, لـ١١٨.

١٣٦. الدكتور هاشم يحيى الملاح: المفصل في الفلسفة التأريخ, صـ١٠٢.

١٣٧. زالماز شازار: تأريخ نقد العهد القديم, ت: احمد محمود هويدي,٢٠٠٠, صـ٨٦.

١٣٨. زالماز شازار: تأريخ نقد العهد القديم, ت: احمد محمود هويدي,٢٠٠٠, صـ٨٦.

**ليستی سەرچاوەكان**

**أ- پەڕتووكە پیرۆزەكان**

١. الكتاب المقدس

٢. ئینجیلی پیرۆز (بەزمانی كوردی)

٣. القرآن الكريم

## ب- سەرچاوەكوردیەكان

(حەمید عەزیز)

٤. فەلسەفەو لاهوت لەسەدەكانی ناوڕاستدا, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی, ٢٠٠٦.

(سامان حوسێن ئەحمەد)

٥. رەهەندەكانی ریفرۆمی ئاینی لە ئەوروپا, ئابوری , كۆمەلایەتی, سیاسی, چاپی یەكەم, دەزگای بلاوكردنەوەی موكریانی, هەولێر, ٢٠٠٧.

(سڤێن- ئێرك لیدمان)

٦. ڕێگوزەری بیری سیاسی, و: ئاسۆس كەمال, چاپی دووەم, سلێمانی, ٢٠٠٤.

(عەلی عیززەت بیگۆفیچ)

٧. ئیسلام لەنێوان رۆژهەلات و رۆژئاوادا, و: محەممەد چیا, چاپی سێیەم, چاپخانەی یاد, بێ شوێن, ٢٠٠٦.

(كامەران محەممەد)

٨. ڤیكۆر فەلسەفەی مێژوو, چاپخانەیياد, سلێمانی, ٢٠٠٦.

(كەمال پۆلادی)

٩. مێژووی ئەندێشەی سیاسی لەرۆژئاوادا, و: مهدی فوندل, بەرگی یەكەم, چاپخانەی منارە, هەولێر, ٢٠٠٧.

## جـ- سەرچاوە عەرەبیەكان

١٠. روح الفلسفة المسيحية في العصر الوسيط, دار الثقاقفة للطباعة و النشر, ط٢, القاهرة, ١٩٧٤.
(چون پول)
١١. الإيمان المسيحي بين النظريات و إعلانات, ت: دكتور رمزى سعد, لجنة خلاص النفوس للنشر, ط٢, بدون مكان, ١٩٨٥.
(چيمس جراى)
١٢. الخلاص من الالف إلى الياؤ, ت: دكتور مراد عزيز, لجنة خلاص النفوس للنشر, ط٢, بدون مكان, ١٩٨٣.
(سعيد عبدالفتاح عاشور)
١٣. أوروبا في العصور الوسطى, جظؤ الاول,ط١, مكتبة نهضة المصرية, جامعة القاهرة, ١٩٥٨.
(سيرغى أ. توكاريف)
١٤. الآديان في تأريخ شعوب العالم, ت: د. احمد م. فاضل, الآهالي للطباعة و النشر و التوزيع, ديمشق, ١٩٩٨.
(شوقى ابراهيم خيرالله)
١٥. الإنجيل الخامس, بيسان للنشر والتوزيع و الآعلام , بيروت, ٢٠٠٤.
(عبدالرزاق مطلك فهد)
١٦. أروبا في العصورالوسطى وأثر الحضارة العربية على أوروبا, دار الكتبوالوثائق, بغداد, ٢٠٠٢.
( عبدالكريم الخطيب)
١٧. المسيح في القرآن و التوراة و الإنجيل, الناشر دار الكتب الحديثة, بدون مكان, ١٩٦٥.
(على حسين الجابري)
١٨. فلسفة التأريخ في الفكر العربي المعاصر, جدلية الإصالة و المعاصرة, القسم الآول, بغداد, ١٩٩٣.
(فراس السواح)
١٩.الأسطورة و المعني دراسات في الميثيولوجيا و الديانات الشرقية, دار علاء دين للنشر و التوزيع و الترجمة, ط٢, ديمشق, ٢٠٠١.
(كولنجوود, ر.ج)
٢٠. فكرة التلأريخ, ت: محمد بكي خليل, لجنة التأليف و الترجمة و النشر, ط٢, القاهرة, ١٩٦٨.
(لبيل ميخائيل)
٢١ لاهوت لامسيح, دراسة تحليلية لأخطر قضية من قضايا المسيحية, دارسلام للنشر, مطبعة الحياة, بدون مكان, بدون سنة.
( مانع بن حماد الجهني)
٢٢. الموسوعة الميسرة في الأديان و المذاهب و الأحزاب المعاصرة, المجلد الثاني, طبعة الخامسة, رياض,٢٠٠٣.

(مظهر الملوجي و آخرون)

٢٣. نشأة العالم و البشرية, دراسة معاصرة لسفر التكوين, دار الجيل للطباعة, بيروت, ٢٠٠١.

(ميخائيل أفندي عبدالله غبرائيل)

٢٤. مشهد الكائنات في الفلق و المخلوقات, لوبنان, ١٨٩٧.

(نورالدين حاطوم)

٢٥. تأريخ العصر الوسيط في أوروبا, ج١, ك١, ديمشق, ١٩٦٧.

**و- سەرچاوە فارسیەکان**

(على شريعتى)

٢٦. إنسان مجموعه أثار ,شماره٢٤, چاپ دووەم, بهار, ١٩٨٣.

(على أصفر حلبى)

٢٧. تأريخ سير فلسفه أوروپا, أزدوره پيش سقراتى تاپايان عصر روشنگرى, جلد أول, نشر قطره, تهران, ٢٠٠٣.

ه- گۆڤارەکان

(جۆن هيك)

٢٨. ئيسلام و مەسيحيەت, گۆڤارى هەژاران, ژماره.(١٩).

٢٩. بلۆراليزمى ئايينى و ئيسلام, گۆڤارى هەژان,ژماره (١٩).

(وليد خالد احمد حسن)

٣٠. الإختلافيه الفكريه حول فهم ماهيه العلمانيه, مجله سردم العربى ,عدد١٠,خريف٢٠٠٥, سنه الثالثة.